دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٨٣

پێنج شەممە - ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ - ٣ی ئاوریلی ٢٠٠٨ - ١٥٠

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## ئاگاداری لە بارەی پەیامەکانی کۆنگرەوە

١ـ خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە، کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵێك پەیامی بۆ ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان، بنەماڵەی شەهیدان، بەندییە سیاسییەکان، حیزبو ڕێکخراوە ئێرانییەکانو هەروەها ڕووناکبیرانو چالاکانی خەباتی مەدەنی ناردوە کە "کوردستان" لە ژمارەکانی داهاتوودا بڵاویان دەکاتەوە.

٢ـ "کوردستان" لە ژمارەکانی داهاتوویدا لیستەی ناوی ئەم حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتیو لایەنانەی پەیامیان بۆ کۆنگرە ناردوە هەروەها هەڵبژاردەیەك لە پەیامەکانیان بڵاو دەکاتەوە.

## کۆماری ئیسلامی درێژە بە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەدا

لە چەند مانگ لەمەوبەرەوە هاوکات لەگەڵ هەڕەشەو پەلامارە ئاسمانیو زەمینیەکانی سوپای تورکیە بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان هێزەکانی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ناو بە ناو ناوچەکانی قەڵادزێیان تۆپباران کردوە. ئەم تۆپبارانانە لەم چەند حەوتووی دوایدا بێپسانەوە درێژەیان هەبووەو لە ئاکام دا دانیشتووانی چەند گوندی ئەم ناوچەیە لەگەڵ ئەوەی زیانێکی قورسیان لێ کەوتوە ناچار بوون گوندەکانیان بەجێ بێڵن.

# کۆیە : لە ڕێورەسمێك دا یادی شەهیدانی کوردستان بەرز ڕاگیرا



دانانی تاجە گوڵینە لەسەر گڵکۆی شەهیدانی کوردستان لەلایەن مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادەوە

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ی هەتاوی، بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێورەسمێك بەڕێوە چوو.

لە بڕگەی یەکەمی ڕێورەسمەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی حیزب بریتی لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبو ژمارەیەك لە بنەماڵەی شەهیدانو هەروەها قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکانی کەمپەکانی حیزب بە ڕێپێوان بەرەو گوڵزاری شەهیدان وەڕێ کەوتن. دواتر مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە تاجە گوڵینەی لە سەر گڵکۆی یەکێك لە شەهیدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان داناو بەدوای ئەو دا قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکان دەستەگوڵیان لە سەر گڵکوی شەهیدانی ئەو گوڵزارە دانا. دواتر سەرجەم بەشدارانی ڕێورەسمەکە بەرەو شوێنی بەڕێوەچوونی بەشی دووهەمی ڕێورەسمەکە وەڕێ کەوتن. ئەم بەشەی ڕێورەسمەکە بە سروودی "ئەی شەهیدان" کە لە لایەن کۆرسی کۆڕی هونەری حیزبەوە پێشکەش کرا دەستی پێ کرد. بڕگەکانی دیکەی ئەم بەشە لە ڕێورەسمەکە بریتی بوون لە

– پەیامی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی - کاك محەمەد ڕەسووڵ حەسەنپوور

- پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - ئایەت مورادیفەڕ

- پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - فەریبا وەیسی

شایانی باسە لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەوحی ڕێزنانو دیاریی تایبەتی پێشکەش بە ژمارەیەك لە بنەماڵەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد. پێویستە بگوترێ هونەرمەند تاهیر خەلیلی لە چەند بڕگەی ئەم ڕێوڕەسمەدا چەند سروودی تایبەت بەم یادەی پێشکەش کرد. ئەم ڕێوڕەسمە بە مارشی ئەی ڕەقیب کۆتایی پێ هاتو بەدوای ئەو دا بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە سەردانی پیشانگای وێنەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتیان کرد کە لە لایەن بەشی شەهیدانی کۆمیسیونی کۆمەڵایەتیی حیزبەوە پێك هاتبوو.

دەقی پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی لە لاپەڕی ٢ دایە.

# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمێکی تایبەت بە نەورۆزی کوردی



ڕۆژی پێنج شەمە، ١ی خاکەلێوە لەگەڵ دەست پێکردنی یەکەم خولەکەکانی ساڵی نوێی کوردی (٢٧٠٨) لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێوڕەسمێکی تایبەت بەڕێوەچوو.

لەم ڕێورەسمەدا کە بە سروودی نەورۆز دەستی پێکرد ئەندامانی ڕێبەرایەتیو ژمارەیەکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی نیشتەجێ کەمپەکانی حیزب بەشدار بوون.

لەم ڕێورەسمەدا بەڕێز خالید عزیزی وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بەم بۆنەیەوە وتارێکی پێشکەش کرد. ڕێورەسمەکە بە هەڵپەرکێو شادیی بەشداران تا چەند کاتژمێر درێژەی کێشا.

شایانی باسە ئێوارەی ڕۆژی پێشتریش لە سەرجەم کەمپو بنکەکانی حیزب لە باشووری کوردستان ڕێورەسمی ئاگر کردنەوەو شادی کردن بە بۆنەی نەورۆزەوە بەڕێوە چوو.

## جێژنی نەورۆز لە باکوورو ڕۆژئاوای کوردستان توندوتیژی لێکەوتەوە



بەرێوەچوونی بۆنەکانی ئەم ساڵی نەورۆز لە باکووری کوردستان، لە زۆربەی شارو ناوچەکان توندوتیژیو خۆپێشاندانی لێکەوتەوەو لە ئاکامی خۆپێشاندانەکاندا زیاتر لە ١٠٠ هاووڵاتیی کورد بریندار بوونو بە سەدان کەسیش لەلایەن هێزەکانی تورکیەوە دەستبەسەر کراون. لە زۆربەی ئەو پێکهەڵپژانانەدا پۆلیس بە باتومو گازی فرمێسك ڕێژو ئاوی کولیو هێرشی کردۆتە سەر خەڵك.

بە پێی هەواڵەکان لە دیاربەکر زیاتر لە ٣٠٠ کەس بە تۆمەتی لایەنگری لە pkk دەستبەسەر کراون.

بەڵام گرژترین پێکدادانەکان لە شاری وان ڕووی دا کە لەودا پۆلیس بە تەقە کردن لە خۆپێشاندەران ڕووبەڕووی دەیان هەزار کەس لە خەڵك بۆوە. لە شاری وانیش زیاتر لە ١٣٠ کەس گیراوەو ٥٣ کەسیش بریندار بووە.

بە پێی هەواڵەکان لە شاری ئورفا ٩٣ کەس دەستبەسەر کراونو لە شاری وێرانشاری نزیك بە ئۆرفەش پێکهەڵپڕژانی پۆلیسو خۆپێشاندەران بریندارو گیراوی لێکەوتەوە.لە خۆپێشاندانەکانی حەکاریو (جولەمێرگ)و سێرتیشدا ١٧ کەس دەستبەسەر کراون.

خۆپێشاندانی کوردان شارە سنوورییەکانو ئەو شارانەی کۆچبەری کوردیشی تێدایە گرتەوە. لە بەندەری برسینیو ئەزمیر نزیکەی سی کەس گیراون کە محەممەد بایر ئیقدار بەرپرسی خۆجێی پارتی کۆمەڵگەی دێموکراتیك لە ئەزمیر یەکێك لە گیراوەکانە.

شایانی باسە ئەو خۆپێشاندانانە یەکەم ڕۆژی نەورۆز لە گەورەترین شاری باکووری کوردستانەوە ئامەد (دیاربەکر)و ئۆرفەو ئاغرییەوە دەستی پێکردو بەرەو ناوچەکانی دیکەی باکووری کوردستان پەلی هاویشت.

لە ڕۆژئاوای کوردستانو لە شاری "قماش"ی نزیك سنووری تورکیەش، هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی بەعسی سوریە تەقەیان لەو خەڵکە کرد کە بە مەبەستی پیرۆز کردنی نەورۆز کۆ ببوونەوە. لەو هێرشەدا ٣ کەس کوژران.

## سوپاسنامە

# هەڵوێستی خەڵکی کوردستان لەبارەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی هەشتەم شیاوی ڕێزو پێزانینە

ڕۆژی ٢٤ ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ (١٤ ی مارسی ٢٠٠٨) هەڵبژاردنەکانی هەشتەمین دەورەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی بەڕێوە چوو. پێشتر لە ڕۆژی ٢٧ ی بەفرانباری ڕابردوو (١٧ی ژانویە) دا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەك دا وێڕای بانگهێشتنی خەڵکی کوردستان بۆ بەشداری نەکردن لەو هەڵبژاردنانەدا ڕای- گەیاند: "با کاربەدەستانی دەزگا تەبلیغاتی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی چەندی دەیانەوێ بە مونتاژی فیلمەکانی هەڵبژاردن ئامادەبوونی خەڵك لەسەر سندووقەکان بە گەورە نیشان بدەن‌و ئاماری سەرسوڕهێنەر لە بەشداریی خەڵك بخەنە بەر چاوی دنیای دەرەوە. گرنگ ئەوەیە خەڵکی وشیارو تێگەیشتووی کوردستان‌و سەرانسەری ئێران بە نەچوون بۆ سەر سندووقەکان نارەزایەتی‌و بێ‌متمانەیی خۆیان بەو ڕێژیمە نیشان بدەن‌و نەبنە کەرەسەیەك بۆ ئێعتبار پەیداکردنی ئەو سیستەمە بێزراو بێ ئێعتیبارە."

بەوجۆرەی ڕاگەیەنە گشتی‌یە بێ‌لایەنەکان باس دەکەن‌و بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی لەلایەن ئەندامان‌و لایەنگران‌و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە دەفتەری سیاسی گەیشتوون، ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵك لەو هەڵبژاردنانەدا بەشدار بوون‌و ڕێژەی بەشدار بوون لە هەڵبژاردنەکان دا زیاتر لەنێو دەست‌و پێوەندەکانی ڕێژیم‌و هێزە چەکدارەکانی دا بووە. بە پێی ئەو هەواڵانە هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی سالم بەڕێوە نەچوون‌و بە قازانجی کاندیداکانی سەر بە باڵی کۆنەپارێز فرت‌و فێڵ کراوە. هەروەها ئەو ئامارانەی لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژەی دەنگەکان دا بڵاوبوونەتەوە زۆر زیاتر لەو دەنگانەن کە دراون. کەوابوو دەکرێ بڵێین هەڵبژاردنی ئەم دەورەیەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی زیاتر لە چوارچێوەی حاکمییەت دا بەڕێوەچوو نەك لەنێو کۆمەڵانی خەڵك دا.

بێ‌تەفاوەتیی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە هەڵبژاردنەکانی دەورەی هەشتەمی مەجلیسی شوورای ئیسلامی نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان لەو ڕاستییە گەیشتوون کە بەشداربوونیان لە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی دا جگە لەوەی بە سوودی ئۆرگان‌و ڕێبەرانی هەڵنەبژێردراوی ئەو ڕێژیمە تەواو دەبێ، ئاڵوگۆڕێکی موسبەتیش لە ژیانی وان‌و هەلومەرجی وڵات دا پێك ناهێنێ.

بەشدار نەبوونی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەو هەڵبژاردنانەدا لە لایەك خوێندنەوەی دروستی واقعیاتی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەسەلمێنێ‌و لەلایەکی دیکەشەوە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەڵوێست‌و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و حیزب‌و ڕێکخراوەکانی دیکەی نێو ئۆپۆزیسیۆنی کورد کە لە تەحریمی ئەم هەڵبژاردنەدا یەکدەنگ بوون، دەردەخات.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە وشیاری‌و تێگەیشتوویی سیاسیی خەڵکی کوردستان‌و پێشوازییان لە هەڵوێستی حیزب لەمەڕ ئەو هەڵبژاردنانە پڕ بە دڵ سوپاسی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکاو بە چاوی ڕێزو پێزانینەوە دەڕوانێتە ئەم پێشوازیکردنە. ئەم هاوهەڵوێستی‌یە، خەباتگێڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شێلگیرترو لە بڕینی ڕێگەی گەیشتن بە ماف‌و ئازادی‌یەکانی گەلەکەمان دا سوورتر دەکا.

دەفتەری سیاسیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
٢ی خاکەلێوەی ١٣٨٧
٢١ ی مارسی ٢٠٠٨

# پەیامی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان



**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**میوانە بەرێزەکان!**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**

ئەمرۆ لێرە کۆبووینەوە بۆ ئەوەی یادی شەهیدە سەربەرزەکانمان بکەینەوەو سڵاو بۆ گیانی پاکیان بنێرین‌و لە ئاست گەورەیی‌یان‌دا سەری ڕێزو نەوازیش دانوێنین‌و دڵنیایان بکەینەوە ئەو ڕێگایەی ئەوان سەریان لە پێناوی‌دا داناوە بەرنادەین.

هەر وەك ئاگادارن ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە بە ڕۆژی شەهیدان دیاری کراوە، چونکی ٦١ ساڵ بەر لە ئێستا لە بەرەبەیانیی ئەو ڕۆژەدا بە فەرمانی ڕاستەوخۆی حەمەرەزاشای پەهلەوی، قازی محەممەد پێشەوای گەلی کوردو رێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و سەرۆکی کۆماری کوردستان، حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی‌و ئەبولقاسمی سەدری قازی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد لە سێدارە دران.

پێشەوای مەزنی ئێمە بەوە تاوانبار کرابوو کە جلوبەرگی ژێنراڵی پۆشیوە، شکڵ‌و شێوەی ئاڵای ئێرانی گۆریوە، فەرمانی کوشتنی ئەفسەرو سەربازی ئێرانیی دەرکردوەو چەند تاوانی دیکەی درابوونە پاڵ.

بەڵام لە راستیدا تاوانی پێشەواو هاورێیانی هیچکام لەوانە نەبوو، بەڵکوو تاوانی پێشەواو هاورێیانی‌و ئەوانەی دوای ئەوانیش ئێعدام کران‌و هەموو ئەوانەش کە تا ئێستا کەوتوونەتەبەر تیغی رێژیمە یەك لە دوای یەکەکان تەنیا ئازادیخوازی‌و کورد بوونەو هیچی‌تر.

بەڵێ کورد بوون تاوانی نەبەخشراوی هەموو کوردێکی گەل ویست‌و نیشتمانپەروەرە. هەر بۆیە گەلی کوردیش پەیمانی بە پێشەوای هەرگیز نەمری خۆی داوە تا وەدی هێنانی هەموو ئاواتەکانی رێگای بەرنادا.

هۆیەکی دیکەی ئێعدامی پێشەواو بەرپرسانی دیکەی کۆماری کوردستان‌و حیزبی دیموکرات ئەوە بوو کە ئەوان خزمەتیان بە گەل‌و نیشتمانەکەیان کرد بوو.

" ئارچیبالد رۆزوێلت" موستەشاری نیزامیی دەوڵەتی ئەمریکا لەو کەسانە بوو کەلە سەردەمی کۆماری کوردستان دا چۆتە مەهابادو چاوی بە پێشەوا کەوتوەو وتووێژی لەگەڵدا کردوە لە یاداشتەکانی‌دا دەنووسێ:"... چوومە لای سەفیری خۆمان (جۆرج ئالێن) بۆ ئەوەی بزانم چ کارێکی لەدەست دێ.

سەفیرمان لێی پرسیم: بۆ هێندە نیگەرانی چارەنووسی قازی‌یەکانی؟ ئاخر ئەوان هاوکاریی سۆڤیەتییەکانیان کردوە. گوتم: ئەوە راستە بەڵام ئەوان بە هەموو تواناییانەوە بۆ باشتر کردنی وەزعی خەڵك تێکۆشاون...." بەڵێ، دەبینین لە قامووسی حەمەرەزاشاو چاوچنۆکانی دیکەشەوە هەر کەسێ بۆ باشتر کردنی وەزعی خەڵك تێی‌بکۆشێ، سزای ئێعدام یان بەندکردن لە چاڵە رەشەکان‌و دوورخستنەوەو دەربەدەری لە زێدو نیشتمانەکەیەتی. بەڵام لە مێژە کورد گوتوویەتی: تا زۆردار زەبر بنوێنێ پتر، زۆرتر لە گیانی بەر دەبێ ئاگر. تا چەوسانەوە هەبێ خەبات‌و تێکۆشان بۆ رزگار بوون لە چەوسانەوە بەردەوامە. هەر بۆیە گەلانی ئێران‌و یەك لەوان گەلی کورد بە خەباتی بێ‌وچانیان لە ڕۆژی ٢٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٥٧دا تۆماری رێژیمی حەمەرەزاشایان تێکەوەپێچاو بە گۆریان سپارد.

**هاونیشتمانانی بەرێز!**

چاوەروانیی گەلانی ئێران لە رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو ئەوە بوو کە رۆڵەکانی ئەم گەلانە بە مافە رەواکانیان شادبن. بەڵام مخابن ئەو چاوەروانییە زۆر زوو لە کردەوە دابوو بە بڵقی سەر ئاوو بە نەزۆکی مایەوەو ئەوان نەك هەر بە سەرەتایی‌ترین مافەکانیان نەگەیشتن بەڵکوو بە توندترین شێوەو ئەمجار بە چەکێکی کۆن‌و ژەنگاوی‌و بە ناو دژایەتیکردن لەگەڵ خودا دا کەوتنە بەر پەلامارو ئەم پەلامارەو گرتن‌و کوشت‌و برە ماوەی نزیك بە سی ساڵە بەردەوامەو لە ماوەی ئەم سی ساڵە دا رێژیم رۆژ نیە بۆ ساتێك دەستی لە ئێعدام‌و کوشت‌و کوشتارو بەندکردن‌و راوەدوونانی ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان پاراستبێ. ئافرەتانی کۆڵنەدەر، کرێکاران، ماموستایانی قوتابخانەو ناوەندە زانستییەکان، چالاکانی مافی مەدەنی، جودابیران‌و بە گشتی هەموو چین‌و توێژەکانی وڵاتەکەمان بە درندانەترین شێوەبەهۆی، ماشێنی سەرکوتی رێژیمەوە دەدرێنەبەر شاڵاو، ئەگەر بڵێین ئێران بۆ دانیشتووانەکەی کراوە بە بەندیخانەیەکی پان‌و بەرین شتێکی زیادیمان نەگوتوە. بەڵام جێگەی خۆشحاڵی‌و لە هەمان کاتدا هیواداریشە کە گەلانی ئێران بۆ لە گۆڕنانی ئەم رێژیمەش بڕیاری خۆیان داوەو بێشك سەرکەوتن بۆ تێکۆشەران‌و ئازادیخوازانەو دیکتاتۆرییش جگە لە نەمان چارەنووسێکی دیکەی نیە.

**بەرێزان!**

هەروەك ئاگادارن رۆژی ١٠ی خاکەلێوە رۆژی لە سێدارەدرانی پێشەواو هاورێیانی لەلایەن حیزبی ئێمەوە بە رۆژی شەهیدان دیاری کراوە بۆ ئەوەی لەم رۆژەدا یادی شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردو کوردستان بکرێتەوە. گەرچی لە هیچ لایەکمان شاراوە نیە لە هەموو رۆژێکی ساڵدا یەك یان چەند شەهید خوێنیان لە رێگای ئازادی‌دا خاکی پیرۆزی نیشتمانی رەنگین کردوە بەڵام رۆژی ١٠ی خاکەلێوە سەبارەت بەوەی یەکەم سەرۆك کۆماری کوردی تێدا شەهید کراوە گرینگیی تایبەت بە خۆی هەیە.

لە پێوەندی لەگەڵ یادکردنەوەی ئەم رۆژە مێژوویی‌یە دایە کە کۆمیتەی رێزگرتن لە ١٠ی خاکەلێوە لە بانگەوازێکی‌دا داوای کردبوو ١٠ی خاکەلێوە( رۆژی شەهیدان) بکرێ بە سیمبۆلی ئاشتی‌و تەبایی‌و هەموو حیزب‌و رێکخراوەکان لەم رۆژەدا پێکەوە یادی شەهیدان بکەنەوە. ئێمە وەك کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان رۆژی ١٢ی رەشەمەی رابردوو لە وەڵامی ئەو بانگەوازەدا رامان گەیاندبوو کە: بانگەوازەکە بە هەنگاوێکی دڵسۆزانە دەزانین‌و پێشوازیی لێ دەکەین‌و بەم هۆیەوە رای دەگەیەنین کە حیزبی دێموکرات ئامادەیە هەموو بۆنە نەتەوەیی- یەکان‌و یەك لەوان رۆژی شەهیدان لەگەڵ هێزە کوردستانییەکانی دیکە پێکەوە یاد بکاتەوە.

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**

دڵنیا بن خوێنی بەناهەق رژاوی شەهیدەکانتان بە فیرۆ ناچێ، چونکی حیزبە تێکۆشەرەکەتان حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژەدەری رێگای پیرۆزی ئەو شەهیدانەیەو ئەوان درێژەپێدانی رێگەی خەباتیان بە ئێمەو هەموو رۆڵەکانی نەتەوەی کورد سپاردوە. بێشك درێژەپێدانی ئەو رێگایە ئەرکی سەرشانی هەموو تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکرات‌و رۆڵەکانی گەلی کوردە.

بەرێز بێ یادی ١٠ی خاکەلێوە رۆژی شەهیدان

بەرێز بێ یادی هەموو شەهیدە نەمرەکانمان‌و لە سەرووی هەموویانەوە سەرقافڵەی شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد دوکتور قاسملوو دوکتور شەرفکەندی

رێگەیان بەردەوام‌و پڕ رێبوار بێ

سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان

بژی کوردو کوردستان

کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٧

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیک لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## چالاکیی تەبلیغیی تێکۆشەرانی رێکخستنی نهێنی بە بۆنەی رۆژی شەهیدانی کوردستان

تێکۆشەرانی رێکخستنی نهێنی حیزب لە شارەکانی سەردەشت، بانە، مەهابادو سەقز بۆ رێزگرتن لە رۆژی شەهیدانی کوردستان (١٠ی خاکەلێوە) کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغیان ئەنجام داوە.

لەم چالاکیانەدا تراکتو بڵاوکراوەی تایبەت بەم رۆژە لە شوێنە گشتییەکاندا بڵاو کراوەتەوە. ئەم شوێنانەی چالاکیی تەبلیغیان لێ ئەنجام دراوە بریتین لە:

**سەردەشت.** گەڕەکی گردەسوور، سێڕای مارەغان، سێڕای ژاژۆکە، پشتی نەخۆشخانە، کۆڵانی قەبران، شەقامی حافز، شەقامی ستادیۆم،

**سەقز:** گەڕەکی بەهارستانی سەرووو خواروو، ماڵە گولان، شەریفاوا، نێو بازار، مەیدانی هەڵۆ، بەردبڕان، سبووراوا، تەپی ماڵان، کانی گەرمکاو، سیلو، ٣٢میتری، سێڕای دوخانیات،سێڕای جامعە، تەرمینالی سنە، بلواری ئینقلاب، شارۆچکەی دانیشگاەو گوندی ئایچی

**بانە:** گەڕەکی گوڵشەهر، دەوروبەری پردی خوارووی شار، ئیدارەی کارو دەوروبەری، گەڕەکی ئیدارەی "ثبت احوال"، گەڕەکی بانە کۆن، خابگای کچانەی کەوسەر، شەهرەکی نوور، گەڕەکی ساتاوا، دەوروبەری بازاڕی کەوش فرۆشان، شەهرەکی تەوحید، جادەی سلێمانی

**مەهاباد:** گەڕەکەکانی مەجبووراوا، سارم بەگ، شەست دەزگا، تەپەی قازی، پشت هوتێل کوێستان، دەوروبەری ترمینالی کون، بەشێك لە شارۆچکەی کارمەندانو گوندی سەرچنار.



## هیوا بوتیمار دیسان مەحکوم بە ئیعدام بۆوە

هیوا (عبدالواحید) بوتیمار چالاکی مەدەنی لە مەریوان بۆ جاری دوویەم لە لایەن دادگەی شۆرشی مەریوانەوە سزای ئیعدامی بۆ بڕایەوە.

پێشتر حوکمی ئیعدامی ئەو چالاکە مەدەنییە لەلایەن لکی ٣٢ی دیوانی بەرزی وڵاتەوەو لە قۆناخی پێداچوونەوەدا لەبەر ئەو کێشانەی لە دۆسیەی نابراودا هەبووە، هەڵوەشێندرا بۆوە.



دەرچوونی حوکمی ئیعدامی دووبارەی نابراو تا ئێستا بە شێوەی نووسراوە بە هیچ کەس لە ئەندامی بنەماڵەی یان پارێزەرانی رانەگەیەندراوە، بەڵکو تەنیا بە قسە بە یەکێك لە پارێزەرەکانی وتراوە.

هیوا بوتیمار یەکێك: لە دامەزرێنەرانو ئەندامانی دەستەی بەرێوەبەری ئەنجومەنی سەوز (چیا)یەو هەروەها هەواڵنێری ماڵپەرو بڵاوکراوەی ئەو ئەنجومەنە لە پارێزگاری کوردستانە. ناوبراو گەلاوێژی ساڵی ٨٦ دوای چەند مانگ دەستبەرسەری لە ئیتلاعات، لەگەڵ عەدنان حەسەن پوور یەکێك لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی حەوتوونامەی کوردی ـ فارسیی "ئاسۆ" بە تۆمەتی "محاربە" لە لایەن لکی یەکەمی دادگەی شۆڕشی مەریوانەوە بە ئیعدام مەحکوم کران

## دیداری شاندی ناوەندی ٣ی حیزب
## لەگەڵ ناوچەی بەرانەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان



رێکەوتی ١٣ی خاکەلێوە شاندێکی ناوەندی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێك هاتبوو لە هاوڕێیان عومەر شاداب بەرپرسی ناوەند، سەلاح خزری، عوسمان شێخانی، لوقمان موئمنیو مراد جۆلا ئەندامانی ناوەندو سۆفی ئەحمەد سادقپوور بەرپرسی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیە سیاسیەکان، خاتوو شەیدا وجدانی جێگری سکرتێری یەکیەتیی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان، هەمزە ئاگووشی بەرپرسی کۆمیتەی ئەندامانی حیزب لە هەولێر سەردانی ناوچەی بەرانەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان لە بەحرەکەی کردو لە لایەن بەرێز خدر سادق مەنتك بەرپرسی ناوچە، هێمن بایزو یاسین سەلیمو مەلا فارس کارگێڕانی ناوچەو سەفین عەبدولخالقو ئیسماعیل یوسف، زەیتۆ سەعیدو عەبدوڵڵا قادر ئەندامانی لێژنەی ناوچەو بەرپرسی رێکخراوەکانی سەر بە ناوچەی بەرانەتیی بەحرەکە بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا. لە دانیستنێکی دۆستانەدا بڕیارو ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٤و بارودۆخی ناوەندی ٣و بنەماڵەکانی کەمپی بەحرەکەو پێویستیی پتەوکردنی پێوەندیی دوو لایەنە باسیان لێوە کرا.

## بەرێوەچوونی کۆڕێك لە ژێر ناوی مێژووی ئەحزابی ئێرانیدا هادی سۆفیزادی

رێکەوتی ٥ی خاکەلێوە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆڕێك بۆ هادی سۆفیزادە لەژێر ناوی مێژووی ئەحزابی ئێرانی لە بنکەی دەفتەری سیاسی پێك هێنا.

کۆبوونەوەکە چەند تەوەری جۆراوجۆری لە خۆ گرتبوو:

ناوبراو لە سەرەتادا بواری جوگرافیاییو بڵاوەی حەشیمەتی لە نێوان سەدەکانی نۆزدەو بیستو بە مەدەنی بوونی کۆمەڵگەی ئێرانی لێکداوەو پاشان شۆڕشی مەشروتەو سەرهەڵدانی حیزبەکانی دوای شۆڕش هاتنە بەرباس.



کۆبوونەوەکە بە پرسیاری بەشدارانو وڵامدانەوەی بەرێز سۆفیزادە کۆتایی پێهات.

درێژەی هەواڵەکان بۆ لاپەڕی ٤

# پەیامی نەورۆزیی
# دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی هاتنی نەورۆزو ساڵی ٢٧٠٨ی کوردی (١٣٨٧ی هەتاوی)و، دەست پێکردنی ساڵێکی نوێ، بە گەرمی پیرۆزباییتان لێدەکاو، بۆ نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی نیشتمانەکەیو لە هەموو بەشەکانی کوردستان، هەر وەها بۆ خەڵکی ئێران لەم ساڵە نوێیەدا، بەرەوپێشچوون لە خەباتو تێکۆشان لە پێناوی ئازادی، دیموکراسیو مافەرەواکانیان دا بە ئاوات دەخوازێ.

نەورۆز لە نێو نەتەوەی کورد، لە نێو گەلانی ئێرانو لە نێو نەتەوەکانی دەوروبەریشدا جێگای تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم جێژنە بووە بە پردی پێکەوە بەستنی مێژووو داهاتووی نەتەوەی کوردو، زۆر لە گەلانی دیکەش. نەورۆز هەر لەو کاتەدا کە مۆرکی ئەفسانەو کولتوورو مێژووی تایبەتو هاوبەشی هەر کام لە نەتەوەکانی دەوروبەری پێوەیەو، ریشەی لە مێژووی ئەوان دا هەیە، تێکەڵ بە خۆزگەو ئامانجەکۆمەڵایەتییەکانی ئێستاو داهاتووشیان بووە. نەورۆز پێشەنگی بەهارەو، لەگەڵ هاتنیدا، کۆتایی سەختیو ناخۆشیو دەسپێکی رزگاریو ژیانەوەو جوانی، رادەگەیەنێ. بە دەربڕینێکی دیکە، نەورۆز، ئاڵای گۆڕان، نوێبوونەوەو بەرەوپێشچوون هەڵ دەکا. بەو ئاگرە پیرۆزەش کە بە نیشانەی سەرکەوتن بەسەر سەخڵەتیو تاریکی لە بەرزاییەکاندا دەیکاتەوە، رووناکی دەخاتە سەر رێی بەرەوپێشچوونمان.

لە کوردستانو ئێران لەمێژساڵە نەورۆز بووە بە دەرفەتێك بۆ هاتنە دەری خەڵك لە ماڵەکانیانو. خەڵکی ئێمە شادی کردن بە بۆنەی نەورۆزیان لەگەڵ نەفرەت کردن لە دیکتاتۆری، بێدادیو بندەستی تێکەڵ کردوە. ئێستا ئیدی نەورۆزی ئێمە هەڵگری پەیامو واتایەکی روونی سیاسیو نەتەوەییە کە بریتییە لە داواکردنی ئازادی، دیموکراسیو، رزگاری لە بندەستی، بێبەشیو چەوسانەوە. بەم تێگەیشتنەوەیە کە لە رۆژهەڵاتی کوردستانو لە هەموو بەشە بێبەشو بندەستەکانی نیشتمانی کورددا، لەگەڵ هاتنی نەورۆز، نەتەوەکەمان دەخرۆشێو لەگەڵ پێشوازی لە نەورۆزو بەهاردا، ویستە نەتەوەییەکانی خۆی بە گوێی دەسەڵاتدارانو خەڵکی جیهان رادەگەیەنێتەوە.

ئەمساڵ خەڵك لە کوردستانو ئێران لە کاتێك دا بە نەورۆز شاد دەبنەوە کە ئاسۆی ئەوان لە خەبات بە دژی ژێردەستیو دیکتاتۆریدا، روونترو، دوژمنانی رزگاریو ئازادیی ئەوان، لە رابردوو داماوترن. ساڵی رابردوو لە سووریە، لە باکوورو رۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی سەرەڕای زۆربوونی سەرکوت لە گەشە کردن دابووو، بڕوا بە یەکیەتیی نەتەوەییو پێویستیو هەڵوێستی هەموو نەتەوەکەمان لە بەرامبەر هەڕەشەو هێرشو لەشکر کێشیی دەوڵەتەکاندا، بە روونی خۆی نواندوە. دوو رێژیمی ئێرانو تورکیە سەرەڕای ئەو هەمووە تاوانەی رۆژانە لە شارو گوندەکانی کوردستان دەرهەق بە رۆڵەکانی نەتەوەی کوردی دەکەن، لە ساڵی رابردوودا بە هاوکاریو هاوهەنگاوی لەگەڵ یەکتر، هێرشیان کردە سەر خاکی هەرێمی کوردستانو، لە پیلانگێڕی دژی دەسکەوتەکانی نەتەوەکەمان لەم هەرێمەو، لە گەیاندنی زیانی گیانیو ماڵی بە خەڵك دەستیان نەپاراست. بەڵام بەخۆشییەوە نیازە خراپەکانیان نەهاتنە دیو تووشی پاشەکشەی سەرشۆڕانە بوون.

خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە خەبات بەدژی دیکتاتۆڕیی کۆماری ئیسلامیدا پێشەنگی هەموو ئێرانییەکان بوون، لە پووچەڵ کردنەوەی شانۆسازییەکانی بەناو هەڵبژاردنیش دا کە لەلایەن ئەو رێژیمەوە بەڕێوە چووە، هەر پێشەنگ بوون. ئەو بەناو هەڵبژاردنەش کە رۆژی ٢٤ی رەشەمەی ١٣٨٦ لە ئێران بەڕێوە چوو، خەڵکی کوردستان وەك خەڵکی سەرانسەری ئێران بە ساردو سڕی لەگەڵی بەرەڕوو بوونو، جارێکی دیکە بە کۆماری ئیسلامییان نیشان دایەوە چاری سیستەمێکیان ناوێ کە پێشی هەڵبژاردنی نوێنەرانی راستەقینەی ئەوان بگرێ. خەڵکی ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٣٨٦دا، بەردەوام لەگەڵ دەسڕێژی هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە رۆڵەکانیانو، لەگەڵ راوەدوونانو گیرانی چالاکانی مەدەنیو داسەپانی زاڵمانە بەسەر ئازیزانو جگەرگۆشەکانیان دا بەرەوڕوو بوون. بەڵام ئەو جۆرە رەفتارو کردەوانە، نەك نەبوونە هۆی دەست بەردانەوەو تەسلیم، بەڵکوو بەرینتر بوونەوەو چالاکتر بوونی جموجۆڵو بزووتنەوەی هەقخوازانەو ئیعترازییان لێ کەوتەوە.

لە ئاستی ئێرانیش دا، رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە ژوورەوە لەگەڵ خەباتی رۆژ بە رۆژ پەرەئەستێنی خەڵكو لە دەرەوە لەگەڵ گوشاری نێونەتەوەیی بەرەو ڕوویە، هەوڵێکی زۆری دا لەلایەکەوە لە رێگای پتر کردنی زەبروزەنگ، بێزاریو ناڕەزایەتیی نێوخۆیی دامرکێنێتەوەو، لەولاشەوە درێژە بە کات کوشتنو فریودانی دنیای دەرەوە بداو، بڕیاری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەبارەی پەروەندە ئەتۆمییەکەی بگۆڕێ یا دوای بخا. شانبەشانی ئەو سیاسەتانەش هەوڵی دا لە هەشتەمین دەورەی بەناو هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامی بۆ هەرچی زیاتر هێنانی خەڵك بۆسەر سندووقەکانی دەنگدانو بەدەستهێنانەوەی رواڵەتیی مەشرووعییەت، کەڵك وەربگرێ. بەڵام وەك دیتمان هیچکام لەوانە بۆچوونو روانگەو بڕیاری خەڵكو دنیای دەرەوەیان لە بارەی ئەو رێژیمەوە نەگۆڕیوە.

**هاونیشتمانە خەباتگێڕەکان!**

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

لەساڵی ١٣٨٦دا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڵێنی خۆی هەم لەبارەی پێکهێنانی کۆنگرەی چاردەیەم، هەم لەبارەی جێبەجێکردنی ئەو دروشمانەی لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕانو نوێبوونەوەدا هەڵی گرتوون، بردەسەر. حیزبی ئێمە لە نیوەی دووهەمی رەشەمەی ١٣٨٦دا، کۆنگرەی چاردەیەمی خۆی بەستو ئێستا لە بەرەبەری نەورۆزو ساڵی نوێدا، خۆشحاڵو سەربەرزین کە پێتان رابگەیەنین سەرجەمی بڕیارو پەسند کراوەکانی ئەم کۆنگرەیە، لە چاوەڕوانیو ویستو ئاواتەکانی ئێوەوە سەرچاوەیان گرتوە. کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر مەسەلەی کورد بەگشتیو لەسەر رێگاچارەی مەسەلەی کورد لە ئێران دا، لە سەر وەزعی ئوپۆزیسیۆنی کورد، لە سەر ململانەی کۆماری ئیسلامیو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراست، لە سەر تیرۆریزمو بناژۆیی ئیسلامیو کرمەڵێك دیاردەو گرفتی پێوەندیدار بە رۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران بڕیاری شیاوو گرنگی پەسند کردوون بەرنامەو پێرەوی تازەی حیزبو پرۆژەو هەڵوێستەکانی ئێمە لە تازەترین کۆنگرەمان دا پەسندکراون. هەروەها رێبەرییەك کە ئەم کۆنگرەیە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەڵبژاردوە بەرهەمو دەرئەنجامی باوەڕی حیزبی ئێمە بە پێویستیی بەخۆداچوونەوەو، گۆڕانو نوێبوونەوەن. هەست کردن بە پێویستیی چالاکبوونەوە لە ئاستی نێوخۆو دەرەوەی کوردستان داو، پێکهێنانی یەکیەتیو هاوکاری لە نێوان هێزو رێکخراوە سیاسی-یەکان لە ئاستی رۆژهەڵاتی نیشتمانەکەمانو ئێران لە پێناوی دروست کردنی ئێرانێکی دێموکراتیكو فیدراڵ دا، هاندەری سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گۆڕانو نوێبوونەوەن دڵنیاین رەنگدانەوەو دەنگدانەوەی پەیامو ویستو چاوەڕوانییەکانی ئێوە لە بڕیارو پەسندکراوەکانی کۆنگرەی ئێمەداو، هەنگاونانی رێبەریو بەدەنەی حیزب بۆ جێبەجێکردنی داواکانتان، متمانەی نەتەوەکەمانو گەلانی ئێران بە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەندەی دیکە دەباتە سەرو، لە گەڵ پێشوازیو پشتیوانیی گەرمی ئێوە بەرەورووددەبێ.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی هاتنی نەورۆزو ساڵی نوێ جارێکی دیکە پیرۆزبایی گەرمی خۆی پێشکەشی خەڵکی کوردستانو ئێران دەکاو بۆ هەموو ئۆگرانی نەورۆزو بەهارو جوانی لە ژیان دا بەختیاریو لە خەبات لە پێناوی ئازادیو دادپەروەریدا، سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازێ.

هەموورۆژێکتان نەورۆز نەورۆزتان پیرۆز

**٢٩ی رەشەمەی ١٣٨٦**

**١٩ی مارسی ٢٠٠٨**

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## بە بۆنەی پێکهاتنی یەکەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندییەوە

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**ئەندامان و لایەنگرانی تێکۆشەری حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

بە خۆشحاڵییەوە ڕادەگەیەنین کە پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی چارەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دوای زنجیرەیەك کۆبوونەوەو جێبەجێکردنی چەندین ئەرك و کاری گرنگ و بڕیاردان لەسەر کۆمەڵێك پرس، ڕۆژی ٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ (٢٧ی مارسی ٢٠٠٨) کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی چاردەیەم لە دەوری یەکەمی کۆبوونەوەکانی خۆیدا کە ڕۆژی ٢٨ی ڕەشەمە بەڕێوە چوون، چۆنیەتیی کارکردن و ژمارەی ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هێنایە بەرباس و، دوای بیروڕاگۆڕینەوەیەکی بەسوودو، بڕیاردان لەم بارەیەوە، ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژارد. لە کۆبوونەوەیەکیش دا کە ڕۆژی ٢٩ی ڕەشەمەو بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کومیتەی ناوەندی بەڕێوە چوو، وتەبێژی کومیتەی ناوەندیی حیزب، هاوڕێی بەڕێز خالید عەزیزی، ئەندامانی دەفتەری سیاسیی بەبەشداران ناساند. لەم کۆبوونەوەیەدا داوا لە بەشداران کرا بیروڕای خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەرکە هەنووکەییەکانی کۆمیتەی ناوەندیداو، بۆچوونیان لە بارەی دابەشینی کار لە نێو ئەندامانی ڕێبەری دا بێننە بەرباس و، بەرچاوروونی بدەن بە دەفتەری سیاسی. لە درێژەی ئەم زنجیرە کۆبوونەوانەدا، ڕۆژی ٤ی خاکەلێوە، کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی، هاوڕێیان کەماڵ کەریمی و مستەفا مەولوودیی وەك جێگری یەکەم و دووهەمی سکرتێری گشتی هەڵ بژارد.

پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی، ڕۆژی ٨ی خاکەلێوە، بۆ باس و بڕیاردان لە سەر دەستووری کاری لەپێش دا ڕاگەیەندراوی ئەم پلینۆمە کۆبۆوە. هەڵسەنگاندنی کۆنگرەی چاردەیەم، پێوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێزو ڕێکخراوەو لایەنە سیاسییەکان و، دابەشینی کارو بەرپرسایەتی لە نێو ئەندامانی ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٤دا، خرابوونە دەستووری کاری ئەم پلینۆمەوە.

بەشدارانی پلینۆم لە هەڵسەنگاندنێکی واقیعبینانەدا، ئاماژەیان بە زۆر تایبەتمەندیی گرنگی ئەم کۆنگرەیە کرد کە بریتی بوون لە : بوونی ململانێی سالم و دۆستانەی بەدوور لە هەرچەشنە دەستەبەندییەکی نهێنی و جەناحی، ئامادەبوونی نوێنەرانی جۆراوجۆرییەکانی نێوحیزب لە کۆنگرەداو، ڕەنگدانەوەیان لە ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەدا، ڕێگەدان بە هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاوازو ڕێز لێگرتنیان، بە ڕوونی و ڕاشکاوی باس کردن لە مەسەلە جۆراوجۆرەکان، زاڵبوونی باوەڕ بە گۆڕان لە نێو بەشدارانی کۆنگرە کە هەم لە پەسندکردنی بەڵگەنامەکان و هەم لە هەڵبژاردنی ڕێبەریدا ڕەنگی دایەوە، ڕچەشکێنیی ڕێبەرانی لەمێژینە لە سپاردنی دڵخوازانەی ڕێبەری و دەسەڵات بە نەسلەکانی دوای خۆیان، بایەخدانی نەزەری و بەکردەوەی کۆنگرە بە ژنان، لاوان و ڕووناکبیران، تەرکیبی بەشداران لە باری ئاگایی و خوێندەوارییەوەو ئاستی بەرزی باس و لێکدانەوەکان، گرنگیدانی کۆنگرە بە مافی نەتەوەیی، دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە بەرنامەو پەسندکراوەکانی دیکەیدا، پێویستی چالاککردنەوەی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات و هتد. پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لە سەر ئەم ڕاستییە پێی داگرت کە سەرجەم ئەندامانی حیزب هەر لە ڕێبەرییەوە تا ئەندامانی سادە، دەبێ هەوڵ بدەن ئەو ڕەوتەی کە کۆنگرەی ١٤ بناغەکەی داناوەو، هەموو تایبەتمەندییە باشەکانی ئەم کۆنگرەیە، بکەن بە دایمی و تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانەی حیزب بکرێن و بەردەوام بەرەوژوور بچن.

بەشدارانی پلینۆم کۆمەڵێك کەم و کورتی و خاڵی لاوازی کۆنگرەشیان هێنایە بەرباس کە پێوەندییان بە چۆنیەتیی ئامادە کردنی کۆنگرەو بەڵگەنامەکانیەوە هەبووو، هۆیەکانی لاوازی و ناتەواوییەکانیان ڕوون کردەوەو، داواکار بوون لە ڕەوتی پێکهێنانی کۆنگرەکانی داهاتوودا، ئەزموونیان لێوەربگیرێ. پلینۆم هەروەها داوای لە دەفتەری سیاسی کرد بە سەرنجدان بە ئەسلی "مشارکت" کە کۆنگرە پێی لەسەر داگرتەوە، هەموو ئەو هاوڕێیانەی لە دەرەوەی ڕێبەریی حیزبن، بەڵام توانا و لێهاتوویی و لێوەشاوەیی پێویستیان بۆ بەڕێوەبردنی کارو بەرپرسایەتی لە ئاستی بەرز تێدایە، لە بەڕێوەبەردنی کاروباری حیزبدا بەشدار بکرێن.

دووهەم باس کە لە دەستووری کاری پلینۆم دا بوو، پێوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوو لایەنە سیاسییەکانی دیکە بوو. بەشداران لە ژێر تیشکی پەیام و ڕاسپاردەو پەسندکراوەکانی کۆنگرەی ١٤دا کە هەوڵدان بۆ یەکیەتی و لێك نزیك بوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی کردوە بە ئەرکی سەرشانی ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٤، زۆر بۆچوون و ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی بەکەلکیان هێنایە گۆڕێ. پلینۆم دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ڕاسپارد شانبەشانی پەرەپێدانی پێوەندیی دۆستانەی حیزبی ئێمە لەگەڵ هێزو لایەنە دۆستەکان، لە هیچ هەوڵێك بۆ لێك نزیکبوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد درێغی نەکا. لەم بارەیەوە دەفتەری سیاسی حیزب ڕاسپێردرا دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوو کەسایەتییەکان بکاو، بە مەبەستی بوار ڕەخساندن بۆ هاوکاری و هاوخەباتی و هاوپەیمانی، لەگەڵیان بکەوێتە دیالۆگ. لە درێژەی ئەم باسەدا پلینۆم چووە سەر بڕیاری کۆنگرەی ١٤ لە بارەی پێویستیی هەوڵدان بۆ بەرقەرارکردنی پێوەندییەکی سالم و دۆستانەو هاوکاریی دووقۆڵی لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان و هاوسەنگەرانی پێشوویدا. لە گەرمەی ئەو باسەدا بەیاننامەی پلینۆمی ١٢ی کۆمیتەی ناوەندیی ئەوان لە بارەی ئاکامەکانی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پلینۆم گەیشت. ئەم بەیاننامەیە کە تاریخی ١٣٨٧/١/٨ی لەسەرە، بە هەمان عەقڵیەت و ڕوانین و ئەدەبیات نووسراوە کە لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لێکەوتەوە. هەر بەو وشەو ناوو ناتۆرانەی نووسەرانی پێی ڕاهاتوون، داواکانی پێشوو لە حیزبی دیموکراتی کوردستان،دووپات دەکاتەوە. پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ بەیاننامەکەی ئەواندا لەسەر ئەم خاڵانە پێی داگرتەوە:

١ــ ناوێك کە کۆنگرەی ١٤ بۆ حیزبی ئێمەی پەسند کردۆتەوە "حیزبی دیموکراتی کوردستان"ە کە هەر لەو کاتەدا گەڕانەوەیە بۆ سەر ناوی ئەسڵیی حیزب لە سەردەمی دامەزرانیدا، جیاوازییەکی ئاشکراشی لەگەڵ ناوی ئێستای حیزبی هاوسەنگەرانی پێشوومان "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"دا هەیە، بۆیە قسەو ئیددیعای ئەوان لەم پێوەندییەدا لەجێی خۆیدا نیە.

٢ـ حیزبی دیموکراتی کوردستان مافی خۆیەتی ناوی کۆنگرەی ١٤ لەسەر کۆنگرەکەی خۆی دابنێ چونکە درێژەی ئەو خەبات و تێکۆشانەیە کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤وە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردوە. بوونی سیما دیارو ناسراوەکانی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ئەم خەباتە پڕ لە شانازییە لە ڕیزەکانی ئێستای حیزبی ئێمەدا، بەڵگەی دروستیی ئەم قسەیەن. هەروەك لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ١٤دا هاتوە، ئێمە لە هەموو شانازییەکانی ئەم ڕابردووەدا خۆمان بە شەریك دەزانین و ئامادە نین ئەو ناوەو ئەو شانازییانە لە پاوانی هیچ گرووپێك باوێین.

٣ــ ئەوەی خزمەت بە لێك نزیکبوونەوەو پێوەندیی دۆستانەو بەدیهاتنی خۆزگەو چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان دەکا، بەخۆداهاتنەوەو گۆڕان و دانینان بە ڕاستییەکان داو وێکهەڵکردنە. ئێمە سەرەڕای ئەو هەڵوێستە نەشیاوە کە لە بەیاننامەی ڕۆژی ٨ی خاکەلێوەی هاوسەنگەرانی پێشووماندا هاتوە، لە سەر بڕیاری کۆنگرەی ١٤و سیاسەتی ئوسوولیی حیزبی خۆمان دەڕوین و لە هیچ هەوڵێك بۆ بەرقەرار کردنی پێوەندییەکی سالم و دۆستانەو تەنانەت لێك نزیکبوونەوەی زیاتر لەگەڵ ئەوان، خۆناپارێزین. هیوادارین ئەوانیش چاو بەم هەڵوێستەیان دا بخشێننەوەو، پەیامی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکگرتن، کە پەیامی کۆمەڵانی میلیۆنیی خەڵکی کوردستانە، ببیسن.

یەکەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە دوایەمین بەشی کاری خۆیدا، کارو بەرپرسایەتیيە نوێیەکانی ئەندامانی ئەسڵیی و جێگری کومیتەی ناوەندیی دیاری کردو، کۆمەڵێك لە ئەرکە هەنووکەیی و گرنگەکانی هەر کام لە بوارەکان کە کۆنگرەش پێی لەسەر داگرتبوون، وەبیر بەشداران هێنایەوە.

**هاوڕێیانی تێکۆشەر!**
**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە دوای کۆنگرەی چاردەیەم قۆناغێکی نوێی لە تێکۆشانی خۆیدا دەست پێکردوە. ڕێبەریی هەڵبژێردراوی ئەم کۆنگرەیە، لە ژێر ڕووناکایی پەسندکراوو بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ١٤داو، دڵگەرم بەو هێزە گەورەیەی ئەم حیزبە ڕێبەرایەتیی دەکا، قۆڵی لە پیادەکردنی بەرنامەکان و بەکردەوە دەرهێنانی بەڵێن و بڕیارەکانی هەڵماڵیوەو، لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە نەتەوەیی و خەباتگێڕانەو حیزبیانەی کەوتوونە سەرشانی بەهاوکاری و پشتیوانیی ئێوە ، هیوادارە.

**بۆ پێشەوە بەرەو جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی ١٤**

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٩ی خاکەلێوەی ١٣٨٧**
**٢٨ی مارسی ٢٠٠٨**

درێژەی

## هەواڵەکان

**مەهاباد:**

### شەپۆلەکانی پارازیت گیانی هاووڵاتیان دەخەنە مەترسییەوە

لە ساڵی ڕابردوودا لە شاری مەهاباد چەند منداڵ لە دایك بوون کە دوای چەند مانگ تووشی لە دەست دانی گورچیلە هاتوون. لەو پێوەندییەدا دوکتورەکان بە نهێنی بە بنەماڵەی یەکێك لەو نەخۆشانەیان ڕاگەیاندوە کە هۆکاری نەخۆشیی منداڵەکەیان شەپۆلەکانی پارازیتن کە کاربەدەستانی کۆماری بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی کاناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی بەکاری دێنن.

**سنە:**

### نارەزایەتی لە دژی دەسبەسەریی مەحموود ساڵحی درێژەی هەیە

ڕێکەوتی ٤ی خاکەلێوە نزیکەی ٢٠٠ کەس لە بەر دەرکی زیندانی ناوەندی شاری سنە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی سەبارەت بە درێژە کێشانی زیندانی کرانی "مەحموود ساڵحی" کۆبوونەوەو خوازیاری ئازادکردنی ناوبراو بوون.

لە درێژەی ئەو نارەزایەتی دەربڕینانەدا ڕێکەوتی ٥ی خاکەلێوەیش لە بەر دەرگای ئیدارەی بەناو "دادگوستەری"ی سنە زیاتر لە ٢٠٠ کەس کە لە چەندین شاری دیکەی ئێرانەوە وەك تاران، ڕەشت، ڕامسەر، کرماشان، بۆکان و سەقزەوە هاتبوون کۆبوونەوە لە بڕیارنامەیەك دا خوازیای ئازادیی مەحموود ساڵحی بوون. پێویستە بگوترێ لەو پێوەندییەدا لاوێکی تەمەن ٢٦ ساڵە بە ناوی فواد لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەستگیر کرا.

شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە مەحموود ساڵحی چالاکی کرێکاری ماوەی ٩ ڕۆژە مانی لە خواردن گرتووە و لە هەلومەرجیی تەندروستیی زۆر نالەباردا دەژی.

### سەردەشت: کۆچی دوایی ئەندامێکی تێکۆشەری حیزب

ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەشەمە ئەندامێکی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوی "ساڵح مەحمود زادە" خەڵکی ئاوایی قوڵە سوێرۆێ"ی ناوچەی قازانی سەردەشت لە تەمەنی ٧٠ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەس وکاری و خەڵکی ناوچەی قازانی سەردەشت و دەوروبەری دەکەین.

### بانە: بە هۆی تەقینەوەی مین لاوێك بە توندی بریندار بوو

ڕێکەوتی ١١ی خاکەلێوە لە ناوچەی سەیران بەندی سەر بە شاری بانە لاوێکی ١٩ ساڵە بە ناوی "یۆسف حەسەنی" کەوتە سەر مین و لە ئاکام دا بە توندی بریندار بوو. شایانی باسە ناوبراو ئێستا لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری تەورێز کەوتووە و لە دۆخێکی نالەبار دایە.

### سەردەشت: کاسبکارانی وەزاڵە هاتوو لە هێزەکانی ڕێژیم وەدەست دێن

ڕۆژەکانی ٦، ٨ و ٩ی خاکەلێوە دوای ئەوەی هێزەکانی ڕێژیم دەست بە سەر بارو کاڵای کاسبکاران دادەگرن. نزیکەی ٢٥٠کەس لە خەڵکی ئاواییەکانی بێتووش و ناوچەی ئالانی سەردەشت بۆ ئەستاندنەوەی بارەکان هێرش دەبەنە سەر پایەگای بێتووش و سوورەکێلی ئەشکان. بەڵام لە بەرانبەر دا هێزەکانی ڕێژیم بە تەقەی هەوایی بڵاوە بە خەڵکەکە دەکەن و وەڵامی داواکەیان نادەنەوە. شایانی باسە شەوی دواتر خەڵکی کاسبکار و وەزاڵە هاتوو هێرشیان کردۆتە سەر شوێنی کەمینی هێزەکانی پایەگای ناوبراو و لەگەڵ ئەو هێزانە پێك هەڵپڕژاون و فەرماندەی پایەگاکەیان چەك کردوە.

## سەرەتای وەرزێکی تاڵ لە ژیانی ژنانی کورد

لە ١٥ ڕۆژی یەکەمی مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵداو لە کاتێکدا کەشی جێژنەکانی نەورۆزو سێزدەبەدەرو بۆنەکانی سەری ساڵ کەشی زاڵ و دڵگیرە، هەواڵی کوژران و گیان لەدەستدانی ٥ ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیسانەکە ئەو پرسیارەمان لەلا دروست دەکا کە ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی بۆ ژنانی کورد هەڵگری چ پەیامێك و جیاوازیيەك لە ڕەشی ژیانیان دا دەبێ.

چیمەن ڕەسوولیی ١٩ ساڵەی خەڵکی گوندی مێونەی سەر بە شارۆچکەی ڕەبەت لە ڕۆژی نەورۆزداو بە تاوانی خۆش ویستنی کوڕێك لە لایەن مامی‌یەوە گیانی لێ‌ئەستێندرا.

مریەم محێدینی و سەرگوڵ پووردڵ خەڵکی شاری مەهابادو لەیلا عەبدوڵاهی خەڵکی جوانڕۆ لە وەرزی پشکووتن و زیندووبوونەوەی سروشتدا ئاوریان لە جەستەی خۆیان بەرداو کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا.

فاتمە. ف ١٧ ساڵەش لە گوندی بەستامی سەر بە شاری سەقز ملی خۆی بە پەتەوە کردو خۆی هەڵواسی.

خۆکوژی و خۆسووتاندن و کوشتنی ژنان یەکێك لەو دیاردە هەرە دیارانەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بەردەوام لەو کۆمەڵگایەدا قوربانی وەردەگرێ.

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران



**خالید عەزیزی:**

# كۆمیتەی ناوەندیی ئێمە لەگەڵ هەموو لایەنەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان پێوەندی دەگرێ

## دەقی كۆنفراسی چاپەمەنیی ژمارەیەك لە ئەندامانی كومیتەی ناوەندیی حیزب لەگەڵ میدیاكانی باشوورو رۆژهەڵاتی كوردستان

(بەشی یەكەم)

پێش نیوەرۆی رۆژی یەكشەممە، ٢٦ی رەشەمەو دوا بە دوای كۆتایی هاتنی چواردەیەمین كۆنگرەی حیزبی دێموكراتی كوردستان كۆنفرانسێكی رۆژنامەوانی بۆ چەند كەس لە ئەندامانی تازە هەڵبژێراوی كومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكراتی كوردستان پێك هات. لەم كۆنفرانسەدا رۆژنامەوانییەدا كە لە بنكەی دەفتەری سیاسیی حیزب پێك هاتبوو، ژمارەیەكی بەر چاو لە هەواڵنێرانی دەزگاكانی راگەیاندنی باشووری كوردستان‌و هەواڵنێرانی حیزب‌و رێكخراوەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان بەشدار بوون.

لە سەرەتای كۆنفرانسەكەدا كاك خالید عەزیزی، وتەبێژی كومیتەی ناوەندی باسێكی تێروتەسەلی سەبارەت بە ئامادەكاریی كۆنگرەو چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی كۆنگرەو باس‌و پەسندكراوەكانی كۆنگرە پێشكەش بە بەشدارانی كرد كە دەقی قسەكانی بەڕێزیان لە ژمارەی رابردوودا بڵاو بۆوە. لەم ژمارەیەشدا سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی پرسیارو وڵامەكانی ئەم كونفرانسە رادەكێشین:

پشتیوان سەدیق راگەیاندنی یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستانی - سنووری كۆیە:

**تاچەند ئەم كۆنگرەیە هەنگاوێك دەبێ بۆ نێزیك بوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران؟**

كاتێك دێینە سەر قەزییەی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ دوو خانە رووبەرووین، خانەی یەكەم ئۆپۆزیسیۆنی كوردی رۆژهەڵاتی كوردستان. زەمانێك ئێمەی كورد لە ماڵەو چۆنیەتیی بەشداری لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی‌دا بەقووەت دەبین كە لە پێشدا لەنێو ئۆپۆزیسیونی رۆژهەڵاتی كوردستاندا كۆدەنگییەك هەبێ. مادام ئەو كۆدەنگییە ئێستا لە گۆڕێ‌دا نیە، مادام ئێستا بەداخەوە سەردەمی لێك ترازان‌و لێك دووركەوتنەوەیە، مەجالی گەمەو بازی‌و كارتێكی بەقووەت لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی رۆژهەڵاتی كوردستان لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی‌دا زۆر مەحدوودو بەرتەسكە چ بگا بەوەی حیزبێك بەتەنێ بیەوێ بچێتە ئەو سناریۆیەوە. ئێمە تێدەكۆشین لە سەرەتاوە تەئكید لەسەر ئەو راستییە بكەینەوە. لەسەر بڕیاری كۆنگرە كۆمیتەی ناوەندیی ئێمە لەگەڵ هەموو لایەنەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان پێوەندی دەگرێ‌و ئەنجامەكانی كۆنگرەیان لەگەڵ باس دەكاو بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ لێك نزیك بوونەوە تێدەكۆشین بە گوێرەی توانای خۆمان كۆمەك بكەین بە كرانەوەی فەسڵێكی دیكە.

**هێمن، لە كاناڵی زاگرۆس: زۆر جار باس لە پارتە سیاسییەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان دەكرێ، هەست بە فەراخێك دەكرێ، ئەو فەراخە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە پێوەندییەكانی پارتە سیاسییەكان وەكوو پێویست بەهێز نیە كە بتوانن گوشار دروست بكەن لەسەر دەوڵەتی كۆماری ئیسلامی، لەو كۆنگرەیەدا چەند تەئكید كرایەوە سەر ئەوەی كە پێوەندیی هەموو پارتە سیاسییەكان بەهێز بێ بۆ ئەوەی فشارێكی بەهێز بخرێتە سەر رژیمی ئێران بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافانەی چەندین ساڵە تێدەكۆشن.**

مستەفا شەڵماشی: ئەوەی زۆر زۆر لە كۆنگرەی ١٤ دا تەئكیدی لەسەر كرایەوە مەسەلەی یەكریزیی پارتە سیاسییەكانی رۆژهەڵاتی كوردستانە، كۆنگرە سپاردوویەتی بە كۆمیتەی ناوەندیی تازە كە لەو بارەیەوە هەموو تواناكانی بەكار بێنێ بۆ ئەوەی لێك نزیك بوونەوەیەك هەبێ. تەنانەت لەگەڵ لایەنی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران ئامادە یە بۆ هەموو وتووێژێك، بۆ دیالۆگ، بۆ لێك نزیك بوونەوە، بۆ هاوكاری‌و تەنانەت تا رادەی هاوكاریی زۆر نزیك‌و تەنانەت یەكگرتنەوەش ئەگەر ئیمكانی بێ. لە روانگەی حیزبی دیموكراتی كوردستانەوە هیچ لەمپەرێك نیە، هیچ مەرجێك نیە بۆ وتووێژ لەگەڵ پارتە سیاسییەكانی رۆژهەڵاتی كوردستان‌و پێمان وایە بۆ پێش خستنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی كوردستان زەرورەتێكی مێژوویی‌یە كە پارتەكان لێك نزیك بنەوە، پلاتفۆرمێك پێك بێنن‌و بەرنامەیەكی هاوبەش دارێژن. ئێمە وەك جاران بۆ ئەو مەسەلەیە ناڕوانین كە پرۆژەی تایبەت بە حیزب هەبێ، پرۆژەیەكی تایبەتی‌تر هەبێ، پێمان وایە كە دەبێ بە هەمووان پرۆژەیەكی یەكگرتوو لەسەر ئەساسی رێككەوتن لەگەڵ یەكتر پێك بێنین‌و بە هەموویان كاری بۆ بكەین بۆ ئەوەی سەركەوتن بەدەست بێنێ‌و بتوانین لە ئاڵوگۆڕەكانی داهاتووی ئێراندا بە هێزێكی یەكگرتووەوە وەكوو یەك دەنگ رووبەرووی ئەو هێزانە بینەوە كە لە دیاری كردنی چارەنووسی رۆژهەڵاتی كوردستاندا تەئسیریان هەبێ‌و دەتوانن لە دیاری كردنی چارەنووسی رۆژهەڵاتی كوردستاندا دەنگیان هەبێ. شتێكی زۆر گرینگتر كە لە بڕیارنامەكان‌و لە پێڕەو پرۆگرامی حیزبی دیموكراتی كوردستان دا بە زەقی هاتوە ئێمە دەمانەوێ كار بكەین بۆ دروست كردنی كەسایەتیی نەتەوەیی خەڵكی رۆژهەڵاتی كوردستان. فاكتۆری كەسایەتیی رۆژهەڵاتی كوردستان كە تا ئێستا زۆر كەم كاری لەسەر كراوەو بەداخەوە تا ئێستا زۆرتر وا نیشان دراوە كە ئێمە مامەلەیەكمان لەگەڵ ناوەند هەیە لە تاران بزانین چمان دەدەنێ، چمان نادەنێ ئێمە هەوڵ دەدەین. ئەوە بگێرینەوە بۆ گەلی كورد لە رۆژهەڵاتی كوردستان كە ئەو بۆخۆی لە دیاری كردنی چارەنووسی خۆیدا نەخشی دەبێ‌و ئێمە بەو هێزەوە رووبەرووی ئەو هێزانەی دیكەی ئێران بینەوە.

**پ: هێمن لە كاناڵی زاگرۆس: پێتان وانیە پێویست بەوە دەكا، حیزبی دیموكرات زیاتر بایەخی بە راگەیاندن بدا؟**

هێمن سەیدی: وەك ئاگادارن لە ١٥ مانگی رابردوودا بە هەموو ئەو كێشەو موشكلاتەی كە هەمانبوو دوای رووداوی لەت بوونی حیزبی دیموكرات دەكرێ بڵێین لە سەرەتاوە راگەیاندنمان دامەزراندەوە. رۆژنامەی كوردستان ئۆرگانی كۆمیتە ناوەندیی حیزب بە فۆرم‌و نێوەرۆكێكی نوێ بڵاو بۆوە، رادیۆ دەنگی كوردستان لەسەر شەپۆلی كورت‌و هەروەتر لەسەر سەتەلایت پرۆگرامەكانی خۆی دەست پێ‌كرد، گۆڤارەكانی لاوان‌و ژنان‌و هەروەها گۆڤاری فیكری سیاسیی تیشك، تا ئەوەندەی كە كرا بە رێك‌و پێكی‌و لەسەر كات‌و بە فۆرمی تایبەتیی خۆی بڵاو بۆوەو لە هەموانیش گرینگتر لە چەند مانگی رابردوودا كاناڵی ئاسمانیی كورد كەناڵ بە شێوەی تێست بڵاو بۆتەوەو ئێستاش تێستەكەی هەر بەردەوامە. بەڵام سەرەڕای ئەوانە یەكێك لەو مەوزووعە گرینگانەی كە لە كۆنگرە تەئكیدی لەسەر كرایەوە وەكوو رەخنە لەخۆش تەقریبەن باسمان كرد ئەوەیە كە سەرەڕای هەوڵەكانمان دەبێ زیاتر لە جاران كار بۆ راگەیاندن بكەین ئەو چاوەڕوانیەی خەڵك لە ئێمەی هەیە وەكوو حیزبێكی رابردوودار كە دروشمی نوێمان هەڵگرتوە دەبێ بۆ گەیاندنی پەیامی تازە خۆمان و بۆ باشتر رێكخستنی كۆمەلانی خەڵك لە چوارچێوەی نوێی قەوارەی حیزبیماندا، راگەیاندنمان بە قووەتتر بكەین‌و مەئموورییەت دراوە بە كۆمیتەی ناوەندیی تازەی هەڵبژێردراوی كۆنگرەی ١٤ كە زیاتر لە جاران بایەخ بە راگەیاندن بدا.

ئەو رەخنانەی لەسەر بەرنامەی تێستی كوردكەناڵ هەیە كە هەم لەسەر كاتەكەی‌و مادەكەی‌و هەروەها نێوەرۆكەكەی وەكوو یەكەم گۆڕانكاریی دوای كۆنگرەی ١٤ دەبێ بە تەواوی تواناوە تێ‌بكۆشین كە كوردكەناڵ لە نێوەرۆك داو لە كاتی بڵاوبوونەوەكەی‌دا گۆڕانكاریی تێدا پێك بێنین.

**ئەحمەد سەفا لەلایەن كوردستان راپۆرت‌و رۆژنامەی میدیاوە:**

**١ــ یەكێك لە موشكیلاتە گەورەكان كە حیزب لە پێشدا لەگەڵی رووبەروو بووە مەسەلەی بەهێز بوونی مەركەزییەتێكی سەرەڕۆیانە بووە. ئێستا كۆنگرەی ئێوە چ میكانیزمێكی بۆ ئەوە داناوە كە دەسەڵات لە تاكەكەس دا كۆ نەبێتەوە، هەروەها چ میكانیزمێك هەیە بۆ وەی خوێندنەوەی یەك لایەنە لە پێڕەو بەرنامە نەیەتە گۆڕێ، هەر كەس بە جۆرێك تەعبیری لەسەر نەكا؟**

خالید عەزیزی: بۆ ئەوەی مەركەزییەتێكی بەقووەت دروست نەكرێ یان حیزب وەك پرۆژەیەكی جەمعی، چ حیزب بێ چ دەوڵەت بێ مادام جەمعێك پێكەوە كار دەكەن، زۆر سانترالیزە نەبێ زۆر میكانیزم هەیە، زۆر نوسخە هەیە، زۆر شێوەی جۆراوجۆر هەیە. بۆ تەزمینی ئەوە ئێمە لەو كۆنگرەیەدا تێكۆشاوین كە بە جۆرێك ئەو فەسڵە دەست پێ‌بكەین، ئەو سەرەتایە بكەینەوەو بە جۆرێكیش ئەو ماوەیەی پێش كۆنگرە دیالۆگ‌و گفتگۆی ئازادمان هەبوو لە گەڵ خەڵكی سەربەخۆ لە دەرەوەی حیزب‌و هەروەها بە باسێكی چڕوپڕ لە گەڵ ئەندامانی حیزب توانیومانە ئەو میكانیزمە كەم‌و زۆر لە پێڕەو پرۆگرامدا بگونجێنین. بۆ وێنە ئێمە كۆمیتە ناوەندییەكمان هەڵبژاردوە كە ئەو كۆمیتە ناوەندییە تەنەوعاتێكی تێدا هەیە، تەنوعاتەكە هەم بە دەلیلی ژنان، هەم بەوەی كە هێندێك لە ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی لە دەرەوەی وڵاتن‌و بەشەكەی دیكە لە ژوورەوەن. ئەو تەنەوعاتە لە خۆی‌دا چەند فیكری دێنێتە نێو كۆمیتەی ناوەندییەوە. لایەنێكی دیكە ئەوەیە ئێمە دوو جێگری سكرتێرمان دیاری كردوە. كە ئەو جێگرانە كارو ئەركیان تارادەیەكی زۆر لەگەڵ یەك فەرقی هەیە ئەوەش بە جۆرێك دەسەلات "نامتمركز" دەكا لە لایەكی دیكە لە مێژووی سیاسیی حیزبەكاندا زۆرجار گیروگرفت دێتەوە سەر مافی ئەندام، مافی تاك. ئەندام چۆن تەوبیخ دەكرێ، ئەندام چۆن تەشویق دەكرێ، ئەندام كە شتێك دەڵێ‌و شتێك دەنووسێ، رێبەری بە دڵی نەبێ بۆ خۆی بڕیاری لە سەر دەدا دەستی ئاوەڵە بوو ، تەفسیری لە ئەساسنامە كردوە. یا خێر ئەندامێك كە شتێك دەكاو كار دەكا چۆن تەشویق دەكرێ ئێمە تێكۆشاوین هەم ئەمنییەتێكی حقووقی بۆ ئەندامانی حیزب لە نێو پێڕەو پرۆگرام دا دەستەبەر بكرێ، بۆ ئەوە كۆمیسیۆنێك یا هەیئەتێكی "نظارت" بە سەر جێبەجێ بوونی پیڕەو تێدەكۆشێ بزانێ كۆمیتەی ناوەندی چۆن عەمەلی كردوە. بە تایبەت كاری لە سەر ئەوەیە كە ئەندامانی حیزب لە نێو كێشەكانی حیزبدا ، لە رەقابەتی سیاسی‌دا، لە دەربڕینی بیروڕادا بە گوێرەی پێڕەوو پرۆگرام كاریان لەگەڵ دەكرێ، بەگوێرەی ئەو پێڕەوو پرۆگرامە مامەلەیان دەگەڵ دەكرێ. ئەو هەئیەتی نەزارەتە لە راستی‌دا بە جۆرێك تەزمینی دەكا كە ئەندامی حیزب لە نێو حیزبدا وا بەراحەتی وەلا ناندرێ، وا بە راحەتی لە پەراوێز ناخسترێ، وا بەراحەتی بە دەلیلی بیروڕا دەرناكرێ تەوبیخ ناكرێ. لە سەر دەمی ئێستادا ئەو مكانیزمانەمان بۆ دیتۆتەوە لە هەمانكاتیشدا پێم خۆشە ئێوە ئاگادار بن حیزبی دێموكراتی كوردستان، یەكیەتیی ژنانی هەیە، یەكیەتیی لاوانی هەیە كۆمەڵێك موئەسیسات‌و كۆمیسیۆنی هەیە، ئێمە كۆمەڵێك ئاییننامەمان هەیەو تێدەكۆشین ئەو ئاییننامانەش تا رادەیەك خوێندنەوەیەكی دیكەیان لێ بكەین بۆ ئەوەی كە ئەو ئۆرگانانەی كە حیزب نەهادینە دەكەن لە چارەنووسی بەشداردا بن.

لە پێوەندی لە گەڵ دنیای دەرەوەو ئەنترناسیونالدا، دوای لەتبوونی حیزبی دێموكراتی كوردستان، ئێمە پێوەندیمان بە ئەنترناسیونال گرتۆتەوە بە تەبیعەتی ئەوەی كە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانی رابردوو كە هەر دووك لامانی دەگرتەوە مەوقعییەتێكی لە ئەنترناسیونال سوسیال هەبووو ئێمەش كە ئەو لەتبوونەمان پێ ناخۆش بوو بەڕێوەبەرانی ئەنترناسیۆناڵمان ئاگادار كردەوە كە حیزبێك كە لێرەدا جێگەیەكی هەیە، گرفت‌و موشكلاتی نێوخۆیی هەبووە، بەداخەوە نەیتوانیوە چارەسەری بكا لە نەتیجەدا لەت بووە. ئێمە لەت بوونمان پێ ناخۆشەو داوامان لێ كردوون ئەوانیش بە گوێرەی توانای خۆیان هەوڵ بدەن كە دەخاڵەت بكەن بە جۆرێك جێبەجێ بێ هەر ئەو كەسانەی ئەو حیزبەیان ساخ كردۆتەوە بەدەیان ساڵە لە كۆڕوكۆمەڵەكان لە عیلاقاتی رەسمی‌و حقووقی‌و قانوونی دەگەڵ ئەنترناسیونال عیلاقاتیان هەبووەو ئێمە تێدەكۆشین نەتەنیا لە ئەنترناسیونال، بەڵكوو لە هەموو ئەو NGO یانە، لە هەموو ئەو رێكخراوو سازمانە نێونەتەوەییانەدا كە بە جۆرێك دەكرێ كەڵكیان لێ وەرگرین بۆ قەزییەی رۆژهەڵاتی كوردستان خۆمان ببینینەوە، ئێمە ئەوە ستراتیژمانەو ئەوە پرۆژەمانەو كاری بۆ دەكەین.



## ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین






### سەید حوسێن رەحیمی (سەیدە)

لە دەمەو ئێوارەیەکی فێرگەی سیاسی نیزامی حیزبی دێموکراتدا، پیاسەم دەکرد کتوپڕ ماشێنێك لە تەنیشتم رای گرتو سڵاویان کرد. هەموانم دەناسی بەڵام بە دیتنی یەکێکیان واقم ورما. دابەزیو بەبێ هیچ قسە کردنێك بە لێوێکی بەبزە نەخشاوەوە لە ئامێزی گرتم. کاك سەیدە بوو. چەند چرکەیەك یەکترمان لە ئامێز گرتو یەکترمان ماچ باران کرد. ئەوجار بە هەمان راوێژو گفتو لفتی شیرینو هێمنی خۆی کەوتە ئەحواڵ پرسینو قسە کردن. بزەی لە لێوان نەدەڕۆیو چاوەکانیشی پڕی فرمێسك بوون. نازانم ئەو فرمێسکانە دەچوونە خانەی کام جۆر لە فرمێسکەکانی، شادی، خەمباریو....

یەکەم جار لە کاتی خولی شەشەمی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ئێراندا لە نزیکەوە ناسیم. پێشتر، چەند کەس لە هاوڕێیانی خاوەن بیروباوەڕو نیشتمان پەروەرم باسی ئەویان بۆ کردبووم. بە راستی تاسەباری دیتنی بووم. هەڵبژاردنەکانی میاندواو کەوتبوونە خولی دووهەمو ئەویش لەگەڵ تاقە کوردی بەربژاری ئەو شارە "حەسەن بەرزگەر" کاری دەکرد. چەند کەسێکی نیشتمان پەروەری دیکەش لەوێ بوون. ئەوان پتر لەوەی خۆ بە ئاکامی هەڵبژاردنەکانەوە خەریك بکەن زیاتر هەوڵی ئەوەیان دەدا لە کۆڕو کۆبوونەوەو تریبوونەکانەوە، کە برە ئازادییەکیان تێدا بوو، باوەڕە نیشتمان پەروەرییەکان بدرکێننو پەرەی پێ بدەن. کاك سەیدە دەیگوت هەلێکی باشەو قەت رێناکەوێ خەڵك ئاوا کۆببنەوە گوێ بۆ قسەی پشت تریبوونەکان راگرن. هەر بۆیش دەرفەتێکی لەبارە بۆ وشیار کردنەوەی خەڵك. سەیدە نیشتمان پەروەرێکی بە بیروباوەڕ بوو. لەگەل ئەوەشدا هونەرمەندێکی دەستو پەنجە رەنگینو خەت خۆشو هەروەها شاعیرێکی هەست ناسکیش بوو. ماڵی زۆربەی هەرە زۆری هاوڕێیانی شەهید سەیدە یادگارییەکی بەنرخی لە خەت خۆشییەکەی ئەو تێدایەو لەو شوێنانەش کە تابلۆیەکی ئەوی لێ نەبێت لانیکەم لە لاپەڕەی دەفتەرەکاندا چەند دێرە شێعرێکی بە خەتە خۆشەکەی تێدا نووسیوە.

هەتا چاو بە دیواری دیوەکەمدا دەگێڕم یا باشترە بڵێم هەر چەند جارێکی سەرم بەرز دەکەمەوە، چاوم بەو تابلۆ شێعرە دەکەوێ کە شەهید سەیدە لەو پەڕی نەخۆش بوونیدا، لە کاتێکدا بۆی نووسیم کە ئێشو ئازار تەنگی پێ هەڵچنیبوو. نەخۆشینەکەی زۆر قورس بوو. پێشتر لە کوردستانی کوێستان (رۆژهەڵات) پزیشکەکان پێیان گوتبوو دەبێ چارەی ئەو لوویەی بکەیت کەوا لە زگت هاتووە. ئەو پێی وا بوو ریخۆڵە کوێرەیەتیو پاش عەمەلی ریخۆڵە کوێرە، دیسانیش سەری هەڵدابۆوە.

هاوینی ٨٣ لە گەرمێن ناسۆرەکەی قورستر بوو. هەمیشە دەوری پڕ بوو. ئاخر کەسێکی هەتا بڵێی سەرو ڕوو خۆشو قسە خۆش بوو. لێی ماندوو نەدەبووی. هەموو جارێ دەیگوت: خۆزگە نەمرم هەتا جلوبەرگی پێشمەرگایەتی دەپۆشم، ئەو کاتەی ئەو قسەیەی دەکرد هێشتا نەخۆشییەکەی لێ توند نەکردبوو. ئەو رۆژەی داوام لێ کرد بە خەتە خۆشو رەنگینەکەی ئەو چوارینەیەم بۆ بنووسێتەوە کە تازە نووسیبووم، گوتی: ئێجگار نەخۆشم بەڵام دەمەوێ یادگارییەکم لە لات بمێنێ، ئەگینا ئەوەندەم ئازار هەیە برستم لێ بڕاوە. بەڵام سەرنج ڕاکێش ئەوە بوو کە لەو پەڕی نەخۆشیو ئازاریشدا بزەی لە لێوەکانی نەدەڕەوینەوە. ورەیەکی ئێجگار بەرزی هەبوو. ورەی بەرزو راستبێژیو هەستی نیشتمان پەروەریو نیاز پاکی، کاك سەیدەی کردبووە جێی رێزو متمانەی هەموان. ئەگەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کەسانی نیشتمان پەروەرو ئازادیخواز لە رۆژانی تەنگانەدا پەنایان بۆ دەبردو بە تێڕادیوی داوای یارمەتییان لێ دەکرد، لێرەش ( لە نێو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات)دا زۆر بە خێرایی جێگەی خۆی کردەوەو بوو بە هاوڕێی نزیکی تەواوی ئەوانەی کە لە نزیکەوە دیتوویانە. کەچی بە داخێکی گرانەوە، سەیدەی ئاشقە ئازادیو تینووی کوردایەتیو رێبازی شەهیدان شەوی ٤ی خاکەلێوەی ٨٤ی هەتاوی کۆڕی هاوڕێیانی بەجێ هێشتو ئاواتی پۆشینی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بۆ هەمیشە بردە نێو باوەشی خاکی نیشتمانو چووە نێو ریزی کاروانی شەهیدانی نەمری کوردستانەوە..

#### دڵپڕی

ئەمشەو دڵم ئێجگار پڕە
لەداخو ژانو ئێشو ئۆف
ئەڵێم بگریم بناڵێنم
لەدەست ژینی پڕ ترسو
خۆف
***
هەر خەمە خانە خوێی دڵە
هەر مەینەتە نەپسایەوە
کەی ئەمە پێی دەڵێن ژیان
هەر ئازارەو نەبڕایەوە
***
نەهاتی هێرشی هێنا
ئاسمانی ژینم هەر تەمە

گریانە بەش، چارەم نیە
بارانی دەردو ماتەمە
***
من هەست بە تەنیایی دەکەم
چون کەس پشتیوانم نیە
بۆ ئەم دڵە خەمبارەی من
شادی قەت میوانم نیە
***
تا کەی دەبێ هەر وا بژیم
تا بە کەی، کەس هەستم نەکا
بەشم هەر تاڵیو سوێری بێت
لە چێژی ژین مەستم نەکا.

سەیدە – ٦٧/١٠/٦

## لۆدۆیگ وان بتهۆڤێن

بەشی کۆتایی

و. تەها رەحیمی



**کەسایەتی:**

بژاردەیەك لە بتهۆڤێن (١٨٢٠ ز) ئاسەواری وێنە کێشی ئەڵمانی جۆزیف کارل ئیستیلر (١٧٨١ ـ ١٨٥٨ز) بتهۆڤێن زۆربەی کاتەکان دەگەڵ خزمو کەسو کاری خەڵکی دیکە بە کێشە دەهات. کەسایەتییەکی زۆر گوماناوی بووو وەك سورێك بۆ نزیکایی ماوە. جلوبەرگەکانی چڵکنو شپرێو بوون. لە ئاپارتمان (بالاخانەی٩ زۆر شپڕێودا دەژیا. جێی زۆر دەگۆڕی. لە ماوەی ٣٥ ساڵ ژیان لە ڤییەندا نزیك بە ٤٠ جار شوێنی گۆری. لە مامەڵە دەگەڵ ئەو کەسانەی بەرهەمەکانیان بۆ بڵاو دەکردەوە وردبینی نەبوو بۆیە هەمیشە کێشەی ماڵی هەبوو.

بتهۆڤێن دوای مردنی براکەی گاسپار لە سەر ئەوەی برازاکەی لە ژنەکەی گاسپار بستێنێتەوە ٥ ساڵ بێنەو بەرەیەکی چەتوونی بوو. ئاخریی بتهۆڤێن لەو بێنەو بەرەیەدا سەرکەوت. بەڵام ئەو سەرکەوتنە بۆ کارل کارەسات بوو، ژیان لەگەڵ کوڕێك، پیاوێکی بێ ژنو نائاساییدا بە چاکترین شێوەش هەر سامناك بوو. بۆیە کارل ویستی خۆی بکوژێ (هەڵبەت کارل خۆی بۆ نەکوژرا)و بتهۆڤێنیش کە ئیدی ئێستا باری تەندروستی دابەزیبوو. بەو کارە بە یەکجاری تێکشکا.

بتهۆڤێن قەت لە خزمەت ئەشرافی ڤییەندا نەبوو. لەسەر ئەو بڕوایە بوو هونەرمەندان بەقەد ئەشراف شیاوی رێزن. باسی یەکێك لە رۆژەکانی سەردانی گوتە لە بتهۆڤێن لە ساڵی ١٨١٢دا ئاوا دەگێڕنەوە: رۆژێك گوتەو بتهۆڤێن لە کۆڵانەکانی ڤییەندا پیاسەیان دەکرد. کۆمەڵێك ئەشراف زادەی ڤییەنی بە بەرانبەریاندا راست بە کۆڵانەکەی ئەواندا تێدەپەڕین. گوتە ئاماژە بە بتهۆڤێن دەکا وا چاکترە لا بدەنو رێگە بۆ تێپەڕینی ئەشراف زادەکان چۆڵ کەن، بتهۆڤێن بە قەڵسی دەڵێ کە بایەخی هونەرمەند لە ئەشراف زیاترە ئەوان دەبێ لا بدەنو رێگەمان بۆ چۆل بکەنو رێزمان لێ بگرن)). گوتە لە بتهۆڤێن دوور دەکەوێتەوە لە قوژبنێکی چاوەڕوان دەبێ تا ئەشراف زادەکان تێپەڕن. کڵاوەکەشی بە نیشانەی رێز لێ گرتن لە سەری هەڵدەگرێو ملی بەولاوە دەنێ. بتهۆڤێن هەروا پیاسە دەکا. ئەشراف زادەکان بە دیتنی بتهۆڤێن وەلا دەچنو رێگەی بۆ چۆل دەکەن تێدەپەڕنو رێزی بۆ دادەنێن. بتهۆڤێنیش بە نێوانیاندا تێدەپەڕێو تەنیا نەبێ بە نیشانەی رێز گرتن کڵاوەکەی بە حاڵ لە سەری جیا دەکانەوە. لەو سەر کۆڵانەکە چاوەڕوانی گوتە دەبێ تا ئەشراف زادەکان تێدەپەڕنو بیگاتێ.

ئەوەندە بە هەیبەت بوو کاتێك ساڵی ١٨٠٩ هەڕەشەی کرد پلەیەك لە دەرەوەی وڵاتی نەمسا وەردەگرێ، سێ کەس لە نەجیبەکانی وڵات رێوڕەسمێکی تایبەتییان پێك هێنا تا لە ڤییەن بیهێڵنەوە. شازادە کنسیکی شازادە لوبکوتیزە ئارشیدوك رودلف برای ئیمپراتۆرو قوتابی بتهۆڤێن خوازیاری وەئەستۆ گرتنی مووچەی ساڵانەی بوون. تەنیا مەرجیان بۆ ئەو بریارە نەدیتراوە لە مێژووی موسیقادا ئەوە بوو کە بتهۆڤێن لە پێتەختی نەمسا بمێنێتەوە.

**موسیقا**

زۆر کەس لەسەر ئەو بڕوایەن موسیقا رەنگدانەوەی ژیانی تایبەتیی بتهۆڤێنەو کە زۆربەی کاتەکان وێنایەکە لە بەربەرەکانیو شەڕ وێڕای سەرکەوتن. راست بە پێی ئەو پێناسەیە دەتوانین لە زۆربەی شاکارەکانی بتهۆڤێن کە دوای ئاستەنگێکی چەتوون کە لە ژیانیدا بۆی هاتە پێش ببینین. بتهۆڤێن لە ساڵی ١٨٠٢دا لە هایلیگنشتاد (گوندێك لە دەرەوەی شاری ڤییەن) وەسیەتنامەیەکی بۆ دوو براکەی نووسی کە بە وەسیەتنامەی هایلیگنشتاد بەناوبانگە. پاش رووادنی هایلیگنشتادو زاڵ بوون بە سەر بێ هیواییدا لە ساڵی ١٨٠٣ تا ١٨٠٤ سەمفونی مەزنی ژمارە ٣ی خۆی بە ناوی ئەرۆئیکا کە خاڵی وەرچەرخانە لە مێژووی موسیقادا، دانا. لە ماوەی بەینەو بەرەی چەند ساڵەیدا بۆ ئەو سەرپەرشتی کارل دەگرێتەوە کەمتر دەپرژێتە سەر ئاهەنگ دانانو ڤییەنییەکان دەیانگوت ئیدی چی لە دەست نایە. بتهۆڤێن گوێ بیستی ئەو دەنگۆیانە بۆوەو گوتی ماوەیەك سەبر بکەن، بە زوویی شتێکی جیاواز دەزاننو هەرواش بوو. دوایی ١٨١٨ کێشەی نێوخۆیی-یەکانی بتهۆڤێن نەبوونە لەمپەری بەر تەقینەوەی تواناییەکانیو هێندێك لە مەزنترین، بەرهەمەکانی: میساسولمنیس، سومفونی ژمارە ٩، ئاخرین سوناتەکانی پیانۆو ئاخرین کوارتتەکانی زهی بەدی هێنا.

لە ساڵی ١٨٠٠ زایینی وردە وردە هەستی بیستنی کز دەبێ. بۆ ئاهەنگسازو ژەنیارێك هیچ رووداوێك ناتوانێ ناخۆشتر لە کەڕ بوون بێ (پێم وا نیە کەڕ بوونی بتهۆڤێن لە بەر مەسمومییەتی سورب بووبێ، هێندێك لە لێکۆڵینەوەکان نیشان دەدەن کە تێکچوونی سیستمی بەرگری لەشو تووش هاتن بە نەخۆشی لویوین بڵاو بۆوە، هۆکارەکەی بووە. بەڵام ئەویش نەیتوانی زۆر جیددی ببێتە لەمپەر لە بەردەم بتهۆڤێندا. کارەکانی ئاخری سەیر تایبەتن، و زۆربەیان پڕن لە واتای گوماناویو نەناسراو. بتهۆڤێن بە گەورەترین هەنەرمەندی مێژوویی موسیقاو پیانۆی دەزانن.

**مردن**

بتهۆڤێن لە باری تەندروستی زۆر باش نەبوو، بە تایبەت دوای تەمەنی ٢٠ ساڵی، زگ ئێشە خستیە ئازارەوە. بەڵام بێجگە لەو کێشە جەستەییانە، دەستەویەخەی چەندین کێشەی رۆحیش بوو کە ناکام بوون لە زنجیرە پێوەندییەکی خۆشەویستیی لە ریزی ئەوان دان. ساڵی ١٨٢٦ تەندروستی زۆر رووی لە خراپی کردبوو، تا ئەوەی ساڵێك دواتر لە ٢٦ی مارسی ١٨٢٧ کۆچی دوایی کرد. ئەو کات وا دەزانرا بە نەخۆشی سیپەلاك مردوە، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانە لە سەر هێندێك تاڵە مووی بتهۆڤێن کە لە پاشی بەجێ ماون نیشان دەدا کە مەسموم بوون بە سورب بۆتە هۆی نەخۆش بوونو مردنی لە نەکاوی لە رادەی سورب لە خوێنی بتهۆڤێندا سەت بەرانبەری رێژەی سورب لە خوێنی کەسێکی ئاساییدا بوو). شیمانەی ئەوە دەکرێ ئەو زۆر بوونی سۆربە لە خواردنی ماسییەکانی چۆمی پیسی دانۆبو تێکەڵاوێك لە سۆرب بۆ شیرین کردنی شەراب کە بەکار دەهێنرا پێوەی نووسابێ.

## هەست و هۆشم پێشکەش کردی

خەبات ئیسماعیلی

ئەوکات کە گوتت کارم پێتە
گوێم بۆ قرمانی دڵ راگرت
زانیم کە زۆر مەیلی لێتە
یەکەم وشەت بوو بە خوێن و
رژایە نێو جەستەمەوە
رازی دڵمم بۆت باس کرد
بێ ئەوەی بیر بکەمەوە
وام زانی کە شەوگاری ڕەش
جێی خۆی دا بە بەختەوەری
بیرەوەریی تاڵی دوێنێ
بە دەستی تۆ هەڵدەوەری
وشەکانی یەکەم ژوانت
وەعد و پەیمان و بەڵێنت
ئەمشەو خول دەخۆن لە مێشکما
دەروونم هەڵدەقرچێنن
تۆ پەیمانی خۆشەویستیت
هەرگیز لەگەڵ مندا نەبەست
ویستت داخی لەمەوپێشت
بگەیەنیە لوتکەی مەبەست
ویستت هەر چۆن خۆت رشتووتە
ئەسرین بە کەسێك بڕێژی
منیش دەڵێم پیرۆزت بێت
بە فرمیسکم شادی بچێژی
ئێستا کە بڕیارت داوە
بڕۆی لە وڵاتی دڵم
ئەی پێم ناڵێی کوا ئەو وشەی
یان بۆ تۆم، یان بۆ گڵم.



# بۆ شەهیدانی چوارچرا

## بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

لوقمان زەهرایی



شار لە دڵەڕاوكێدا دەژیا، گەورەو بچوك غەمبار بوون، ژنان ڕەشیان پۆشیبووو پیاوان دەستەوەستان دۆش دامابوون.

كەس مەیلی بۆ هیچ نەدەچوو، تۆزێكی خەماوی ئاسمانی شاری داگرتبوو. لە هەر كوچەو شەقامێك‌و لە نێو هەر ماڵێك تازیە بەردەوام بوو. تازیە بۆ مەرگی كۆمارە جوانە مەرگەكەیان، بۆ كوژانەوەی چرای ڕووناكی ماڵەكانیان، بۆ ئاوا بوونی ئەستێرەی بەختیان. تازیەدار بوون بۆ لە دەست دانی ئازادییان، بۆ گۆڕ كرانی هیواكانیان‌و بۆ سووتانی خەرمانی بەرهەم هاتوویان.

دڵەكان زامدار بوون‌و ئەسرین لە چاوەكاندا قەتیس مابووو نەورۆز بۆ هەمووان ببوو بە خەزان.

كەس هەستی بە خۆشی نەدەكردو تەنانەت منداڵەكانیش لە یاری كردن وەستابوون‌و كۆڵانەكان وەخۆیان نەدەگرتن. شار بە چاوانی پڕ لە فرمێسكەوەو بە قامەتێكی چەماوەوە چاوەڕوانی ڕوودانی كارەساتێكی دیكەی دەكردو پیاوان دەستە دەستە خۆیان لە مزگەوتەكان داویشت‌و قورئانیان هەڵدێناو دوعایان دەكردو تەلەبی یارمەتییان لە خالەقی زەوی‌و دەكرد.

پرسیارێك مێشكی گەورەو بچووكی بەخۆوە ئاڵۆز كردبوو، ئەو جارە چ كارەساتێك چاوەڕوانی شارەكەیان بكا؟

هەواڵی جۆراوجۆر بڵاو دەبوونەوە، بەڵام هیچیان پەیامی خۆشیان پێ نەبوو.

هەموو شتێك كۆتایی هاتبوو. ئاخر خوایە، ئەو خەونە خۆشە بۆ وا زوو تەواو بوو، بۆ تەنیا یازدە مانگی خایاند، نەدەكرا چەند ساڵێكی دیكەش درێژەی كێشابا؟

ئاخ، ئاخ‌و هەزار ئاخ، ئەو یازدە مانگە هەرگیز لە یادان ناچێ‌و كوردان لەو ماوە كورتەدا تامی ڕاستەقینەی ئازادی‌و سەربەخۆیی‌یان چێشت‌و لە دونیای ڕووندا بەهەشتیان بە چاوی خۆیان دی.

ئەهریمەنە شەو پەرستەكان كە بە دیمەنی هەتاو كوێر بوون‌و چاویان بە هەڵاتنی ئەستێرەی بەختی كوردان لە ئاسمانی كوردستانی بە زۆر داگیركراودا هەڵنەدەهات، بە باڵە قەلەڕەشە ئاسایی‌یەكانیان بەری ڕووناكی چرای ماڵەكانیان گرت‌و بە تیغی ڕەش‌و خوێناوی زۆردارییان سەری كۆتری ئازادییان گۆشاوگۆش بڕی‌و كۆرپەی ساوای سەربەستییان لە لانكەدا خنكاندو پۆستاڵی ڕەش‌و گڵاویان كوردستانی نەجس كردەوە.

شەو پەرستان شادییان كرد بۆ مەرگی ڕووناكی، بۆ لەگۆڕنانی ئاواتی میلیۆنان مرۆڤی بێبەش لە مافەكانیان. ئەوان خوێنی مرۆڤە بێتاوانەكانیان ڕشت تاكوو هەستی دڕندانەیان بۆ چەند ساتێك دامركێننەوە. زگیان دڕی تاكوو گورگ ئاسا برسێتیان لە گۆشت‌و خوێنی ئینسانە پاك‌و بێ گوناهەكان تێر بكەن.

ئەوان كاولیان كردو سووتاندیان تاكوو ڕێگای باپیرە مۆغۆڵەكانیان كوێر نەكەنەوەو بیرەوەرییەكانیان لە یاد نەسڕنەوەو هەردەم بە پیرۆزی بیان پارێزن.

ئاخر زوحاكە مار لە شانەكان بۆ تێر كردنی مارەكانی سەر شانیان پێویستییان بە مێشكی لاوان‌و گۆشتی تازەی دەم ساتوری ژنان‌و پیاوانی كورد هەبووو لە قەسابخانە وڵاتی داگیركراوی كورداندا ئەو گۆشتە جوان‌و تازەیەیان بە خۆڕایی دەست دەكەوت.

ئەوان ترسیان لێ نیشتبوو كە نەكا كاوەی پەیام هێنەری ئاشتی‌و ئازادی تەخت‌و بەختی زۆردارییان لێ بڕووخێنێ‌و ئاڵای ڕزگاری چەوساوەكان لە سەر قەڵای بە كەڵلە دروستكراوی هەژارانی كوردستان هەڵبكاو تەپڵی سەركەوتن بە گوێیاندا بچرپێنێ.

هەر بۆیە كاوەی فریشتەی ئازادییان لە نێو دیوارە بەردینەكان‌و لە پشت میلە ئاسنەكاندا بەند كردبووو بە دەیان ئینسان كوژیان لە دەوروبەری دانابوو.

شار چاوەڕوان بوو، خەو لە چاوان زڕابووو خواردن لە لێوان حەرام ببوو. دڵەكان خۆرپەیان دەكردو گوێیەكان قوت بوون بۆ بیستنی ڕووداوێكی تازە، هەواڵی جۆراوجۆر بڵاو دەبوونەوە، بەڵام هیچیان خەبەری خۆش نەبوون.

ڕۆژی ١٠ی خاكەلێوەی ١٣٢٦ بوو، خۆر وردە وردە لە كەل هاتە دەر و تیشكی جوانی شاری لە ئامێز گرت.

لە چوارچرا لە كانگای بیری ئازاد، لە چاوگەی ئەوین‌و خۆشەویستی، لە سۆنگەی ئازادی‌و سەبەخۆیی، لە قیبلەگای میلیۆنان كوردی چارەڕەش‌و چەوساوە، لەو شوێنەی كە پێشەوای مەزن مزگێنی دامەزرانی دەوڵەتی كوردی بۆ هەمووان دابوو، لەو شوێنەی كە بە هەزاران كوردی بێبەش بە بیستنی هەواڵی دامەزرانی دەوڵەتی كوردی زەماوەندی سەركەوتنیان گێڕابوو، لەو شوێنەی كە پێشەوای ئازادو دلێریان، كاوەی زوحاك كوژیان هیواو ئەوینی ژینێكی نوێ بۆ بە دیاری هێنابوو، تەرمی سێ فریشتە، سێ مێرخاس، سێ ئەستێرەی گەشی ئاسمانی بە تەم داگیراوی كوردستان بە پەتی سێدارەی ئەهریمەن خنكێندرابوون.

بیستنی هەواڵی شەهید كرانی پێشەواو هاوڕێیانی وەكوو بۆمب دەنگی دایەوەو لە هەر ماڵ‌و كوچەو شەقامێك ببوو بە گریان‌و قوڕ پێوان. شار بە كوڵ بۆ شەهیدان گریاو تف‌و لەعنەتی لە كورد كوژان كرد.

لەگەڵ بڵاو بوونەوەی ئەو هەواڵە جەرگ بڕە لە هەموو شارو گوندەكانی كوردستان تازیەیان گێڕاو ئاڵای ڕەشیان هەڵكرد.

كورد كوژان پێیان وا بوو شەهید كردنی فریشتەكانی ئازادی چرای ڕووناكی ماڵی كوردان بۆ یەكجاری دەكوژێنێتەوە. بەڵام ئەی پێشەوای ئازاو مێرخاسەكەی كوردستان، تۆ بە مەرگی خۆت بۆ جارێكی دیكە لە دایك بوویەوە.

ئەوەتا لە دوای ٦١ ساڵ بە سەر شەهید كرانتدا، هەموو ساڵێ لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان، لە بیرەوەریی كۆمارە جوانە مەرگەكەمانداو لە ڕۆژی ١٠ی خاكەلێوە لە بیرەوەریی شەهید كرانتدا بە میلیۆنان كورد بەرەو چوارچرا كڕنۆش دەبەن‌و سەری ڕێزو ئەمەگناسی‌و وەفاداری لە ئاست گیانی پاكی تۆو هەموو شەهیدانی كۆماری كوردستان دادەنوێنن.

ئەی پێشەوا وەفادارەكەی خاك‌و نیشتمانی داگیركراوی كوردان سەر هەڵبڕەو چاو لێبكە كە چۆن بە هەزاران ڕۆڵەی ڕێگا پیرۆزەكەت بە دانی دروشمی بمرێ داگیركەرو بە شەكاندنەوەی ئاڵای كوردستان كە بە دەستی تۆی بەرێزی ڕێبەر لە چوارچرا لە كاتی ڕاگەیاندنی كۆماری كوردستان هەڵكرا دڵی كورد كوژان دەلەرزێن‌و مزگێنی هاتنەوەی كاوەی پەیامبەری ئاشتی‌و ئازادی دەدەن بە گشت لایەك.

٢٠٠٨/٣/٢٣

٤ی خاكەلێوەی ٢٧٠٨ی كوردی




سامان كۆنەپۆشی

### ئاناكسیماندروس:

یەكێكی دیكە لە فەیلەسووفانی شاری میلتووس‌و هەڵبەت گەنجتر لە تالیس بوو كە لە دەورووبەری ساڵی ٦١١ی پێش زایین لە دایك بوو. ئەویش وەك تالیس باوەڕی بە مایەی سەرەتایی هەبووە، بەم جیاوازییەوە كە لەم باوەڕەدا بوو مایەی سەرەتایی ناتوانێت جۆرێكی تایبەت لە مایە بێت، بەڵكوو توخمێكی دیاری نەكراوو هەرمان‌و جیاواز لە ڕەگەزەكانی دیكەیەو جیهانی ئێمەش تەنیا یەكێك لەو ج

یهانانەیە كە لەم مایە دیاری نەكراوو هەرمانە دروست بوون‌و تێكڕای ئەم جیهانانەش لە كۆتایی‌دا بۆ ئەو مایە سەرەتایی‌یە دەگەڕێنەوە. ئەستەمە بتوانین لە مەبەستی ئەو بگەین، بەڵام ئەو شتەی كە ڕوونە ئەمەیە كە ئەو وەك تالیس باوەڕی بە مایەیەكی دیاری كراو نەبووە كە جیهانی لێوە دروست بووبێت‌و بیری لە جەوهەرێكی ناكۆتاو سەرمەدی كردۆتەوە كە خاوەن تایبەتمەندییەكانی گەرمی‌و ساردی‌و وشكی‌و شێ بێت. ئەو هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە كە "جیهان چلۆن لەم توخمە سەرەتایی‌یەوە دروست بووەو گەشەی ئەستاندووە؟"

ئاناكسیماندروس بۆ یەكەمین جار لە ئیوناو یونان‌دا باوەڕەكانی خۆی لە دووتوێی كتێبێك‌دا بە ناوی "لەمەڕ سروشت" بڵاو كردەوە. ئەو شتەی كە سەرنجمان بە لای ئاناكسیماندروس‌دا ڕادەكێشێت ئەمەیە كە ئەو چلۆنایەتی دروست بوونی جیهان باس دەكات:"كاتیك شتەكان لێك جیا بوونەوە ئەو جیهانەی كە ئێمە دەیناسین بە هۆی جوڵەیەكی گەردەلوولانەوە دروست بووە. بەم مانایەی كە ئەو توخمانەی كە قورسترن، خاك و ئاو، لە ناوەندی گەردەلوولەكەدا دەمێننەوە، ئاگر بەرەو پەراوێز دەڕوات و هەواش لە نێوەڕاست‌دا دەمێنێتەوە. فۆرمی زەوی بازنەئاسا نیە، بەڵكوو (استوانە)یەكی كورتە."

ئەو لەم باوەڕەدا بوو كە "بەر لە ئەم دنیایەی ئێمە ژمارێكی ناكۆتا لە دنیاكانی دیكە هەبوون كە سەرلەنوێ هەل-وەشاونەتەوەو وەك تۆپەڵەیەكی بێتەكووزییان لێ هاتووە." وێدەچێت كە ئەم ئایدیایە لە هسیودەوە وەرگیرابێت. هسیود دەیگوت:"لە سەرەتادا هەموو گەردوون هەبوونێكی بێ-تەكووزی و شپرز (كائوس) بووە."

ئاناكسیماندروس باوەڕی بە جۆرێك ڕەخسكانی زیندوو هەبووو پێی وا بوو كە دەریا زێدەری بوونە لەم جیهانەداو بوونەوەرەكان لە شێ و نمەوە دروست بوون‌و "مرۆڤ"یش لە سەرەتادا "جۆرێك ماسی" بووە كە گەشەی ئەستاندووەو ئەم فۆرم و تایبەتمەندییە هەنووكەییانەی وەدەست هێناوە. بەڵام بۆ چی مرۆڤ لە بوونەوەرێكی دیكەوە دروست بووە؟ ئەو دەڵێت، چونكە منداڵێ مرۆڤ لە قۆناخی منداڵی‌دا ناتوانێت ئاگای لە خۆی بێت‌و پتر لە هەموو بوونەوەرێكی دیكە پێویستی بەوانی تر هەیە بۆ ئەوەی كە ئاگایان لێ بێت‌و شیمانەی ئەوەی كە بتوانێت لە تەنیایی‌دا درێژە بە ژیان بدات (لانیكەم بە شێوی سروشتی) بوونی نیە بووە بە ڕێگر لە بەرامبەر ئەوەدا كە بە پەیڕەوی لە ئۆستوورە مرۆڤ بە بوونەوەرێك بزانێت كە لە زەوییەوە خوڵقاوە. دووهەمین فەیلەسووفی میلتووس لە ساڵی ٥٤٧ی پێش زایین‌دا كۆچی دوایی كرد.



# ناودارانی ئەدەبیات

و: ئازاد شێخی



جەك لەندەن

١٨٧٦ ـ ١٩١٦

لە نێوان ساڵەكانی ١٩١٦ ـ ١٨٧٦دا ژیاوە، لە ١٢ ژانویەی ١٨٧٦ی هەتاوی لە دایك بووە. تاوەكوو تەمەنی ١٩ ساڵی زۆر كاری جۆراوجۆری كردوە. چەند جار بە تاوانی بەرەڵایی‌و سواڵ كردن تاوانبار كراوەو خراوەتە زیندان. لە كۆتایی‌یەكانی تەمەنی ١٩ ساڵی‌دا بە ڕێكەوت چووە كتێبخانەیەك دەستی كرد بە خوێندنەوەی كتێبی (ڕۆبنسن كرۆزە) ئەم كتێبە جەكی بۆ لای كتێب خوێندنەوە ڕاكێشا، لەو كاتە بە دواوە ١٠ تاكوو ١٥ ساعەت كاتی خۆی بە خوێندنی كتێبەوە تێدەپەڕاند. چووە قوتابخانەی دواناوەندی‌و قۆناغی ٤ ساڵەی دواناوەندی لە ماوەی سێ مانگدا كۆتایی پێ هێنا، پاشان چوو بۆ زانكۆ، بەڵام نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات. جەك لەندەن لە ماوەی ١٨ ساڵ ژیانی نووسەری‌دا ٥١ كتێبی گەورەو سەدو پێنج چیرۆكی نووسی، هەر ئەو سواڵكەرە بەرەڵایە لە ساڵەكانی كۆتایی تەمەنی‌دا كارەكانی وا چوونە پێش كە داهاتەكەی دوو بەامبەری یارمەتیی (حقوقی) مانگانەی سەرۆك كۆمار بوو.

بەرهەمە گرینگەكانی جەك لەندەن بریتین لە: ئاوای وەحش، دان چەرموو، مارتین ئایدەن، گورگی دەریا، بێ دەبێ بەرە بەیان، هێندێك لەو بڕوایە دان كە چیرۆكی عیشق‌و ژیان، شاكاری جەك لەندەنە. ئەم نووسەرە گەورەیە لە تەمەنی چل ساڵی بە هۆی زێدەڕۆیی لە كاركردن‌دا كۆچی دوایی كرد. ئەم كتێبانەی جەك لەندەن كراون بە فارسی: پاژنەی ئاسنین، كوڕی هەتاو، ئاشتی هەڵنەگر، كچی بەفرەكان، بەسەرهاتی پاپۆرتی سپارك، جەری لە دوڕگەدا، دزەكانی كەنداو، لە خۆبردوویی مارتین ئایدێن، لە هەوڵی ئاگردا...

سەرچاوە: كتێبی زانیارییە گشتییەكان

# هەڵبژاردەیەك لە راپۆرتی کومیتەی ناوەندی

# بۆ کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەشی یەکەم

**هاوڕێیان و هاوسەنگەران!**

هەموو قۆناغەکانی خەبات گرنگو ناسکن و هەموو رۆژانی تێکۆشان و تەنانەت هەموو سەعات و دەقیقەکانمان بایەخی خۆیان هەیە و بەفیڕۆدانیان زیان بە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی ئێمە دەگەیەنێ. بەو حاڵە رێگا بدەن بڵێین ئەم کۆنگرەیە لە هەلومەرجێکی ناسکتردا پێک هاتووە و کات و ساتەکانی کۆنگرە بایەخێکی زیاتریان بۆ دوارۆژی حیزب و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان هەیە. ئێمە لە کومیتەی ناوەندی‌داو بە پشت بەستن بە پشتیوانیی تێکڕای ئەندامانی حیزب زۆر ئەرکی گرنگمان بۆ نوێکردنەوەو بەرەوپێشبردنی حیزب خستوونە سەرشانی خۆمان، زۆر بەڵێنیمان بە دۆستان و لایەنگرانی حیزبەکەمان داون، کە هەمووی ئەمانە دەبێ لەم کۆنگرەیەدا دوابڕیاریان لەسەر بدرێ. کەوایە ئەم کۆنگرەیە بەردی مەحەکی جیددی بوونی ئێمە لە وادەو بەڵێن و بڕیارو پەسندکراوەکانمان دایە.

لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی قۆناغی ئێستای خەباتی حیزبەکەمان بۆ هەڵبژاردن و دەست نیشانکردنی سیاسەت و رێبازی تێکۆشانی لەمەودوامان ئەرکێکی گرنگە. ئێمە لە دنیایەك دا دەژیین و خەبات دەکەین کە دیاردەکان پێکەوە بەستراون و شوێن لەسەر یەکتر دادەنێن و کاریگەریی لە یەکتر وەردەگرن، بەتایبەتی خەباتی سیاسی بۆ بەدەست هێنانی ماف و داخوازەکانی گەلێك لە زۆر جەمسەرەوە بە زۆر پارامیتری نێوخۆیی و دەرەکییەوە گری دراوە. بۆیە لەم راپۆرتەدا بەپێویست دەزانین ئەگەر بە کورتیش بێ ئاوڕ وەسەر ئەو ئاڵوگۆڕانە بدەینەوە کە بەسەر هەلومەرجی نێوخۆیی و ناوچەیی و نێونەتەوەیی‌دا هاتوون و بەجۆرێك لەجۆران پێوەندی بە خەباتی رزگاریخوازانەی حیزبەکەمان و نەتەوەکەمانەوە پەیدا دەکەن:

لێك نیزیکبوونەوەی هەڵوێستی دەسەڵاتە گەورەکان و هەوڵدانیان بۆ گرتنی هەڵوێستی هاوبەش بەرامبەر بە کێشەو گیروگرفتە ناوچەیی‌یەکان فەزایەکی پێك هێناوە کە لەودا هیوا بە چارەسەری هێندێك کێشەی لەمێژینەی وەك کێشەی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی پتر بێت و ئاسۆی جیهانێکی ئارامترو پێوەندی‌یەکی سالمتری نێوان دەوڵەتان و هێزە دەسەڵات بەدەست و کەم دەسەڵاتەکان روونتر بێتە بەرچاو. گومان لەوەدا نیە کە هەرچەند جەمسەربەندی بە شێوەی دەورانی شەڕی ساردو بوونی دوو ئۆردووگای سۆسیالیستی و سەرمایەداری ئەمڕۆ لە ئارادا نیە، ململانە لەسەر بەدەستەوە گرتنی بەشێکی زیاتر لە بازاڕی جیهانیی سەرمایەو قازانجە ئابووری و بازرگانی‌یەکان هەروا بەردەوامەو هەرکام لە دەسەڵاتە مەزنە ئابووری‌یەکان لە گەڕان بەدوای دابینکردنی زیاتری قازانجەکانی خۆیان دا لە هەوڵی یارگیری و بەدەستەوەگرتنی بەشێکی زیاتر لە بازاڕی جیهانی رانەوەستاون و راناوەستن. بەڵام گرنگ ئەوەیە لە مەسەلە چارەنووس سازەکان داو بەرامبەر بەو مەترسی‌یانە کە هەڕەشە لە ئاشتی و ئارامی لە رادەی جیهانی‌دا دەکەن، تا رادەیەکی باش یەکدەنگن و مل بە ملە لەسەر قازانجە تایبەتییەکان لە فەزایەکی سالمترو ئارامتردا بەرەوپێش دەچێ.

تا ئێستاش رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دەبوو لە چارەسەری گیروگرفتە نێونەتەوەیی و ناوچەیی‌یەکان دا نەخشی چالاك و کاریگەری هەبێ زۆرتر لە پەراوێزدا نەخش دەگێڕێ و بڕیاری سەرەکی و قسەی یەکەم بە دەسەڵاتە مەزنەکانە. بەو حاڵەش کەمبوونی ئاڵۆزی‌یەکانی نێوان ئەو دەسەڵاتانە زەمینەی پێك هێناوە کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر نەبێ لە داهاتوودا نەخشێکی زیاتری پێبسپێردرێ و ئامادەبوونی لە چارەسەری گیروگرفتە هەرێمی‌یەکان دا بەرچاوتر بێ. ئامادەبوونی چالاکانەی ئەم رێکخراوە لە کۆبوونەوەو کۆنفرانسە جیهانی و ناوچەیی‌یەکان داو نەخش گێڕانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هێندێ شوێنی ئاڵۆزی وەك ئەفغانستان و دارفووری سوودان سەرەتایەکی باشن بۆ ئەوەی ئەو رێکخراوە لە دوارۆژدا شوێنەواری بەرچاوتری لە دابینکردنی ئاشتی و ئارامی و هێورکردنەوەی ناوچە هەڵگیرساوەکانی جیهان دا هەبێ.

دیاردەی تیرۆریزم ئێستا ئیدی بۆتە مەترسی‌یەك کە هەڕەشە لە ئارامی و سەقامگیری لە بەشی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان دا دەکا. بەڵام ئەو بەربەرەکانی‌یە کە بە باوەڕی ئێمە یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوویە تا ئێستا لە دوو بارەوە کەمایەسیی بنەڕەتیی تێدا هەیە:

یەکەم ئەوە کە ئێستاش پێناسەیەکی روون لە تیرۆریزم نەکراوەو سنووری نێوان تیرۆرو شەڕ، تیرۆرو خەباتی ئازادیخوازانەو تیرۆرو بەربەرەکانیی رەوا روون نەکراوەتەوەو تەنانەت هەڵوێستی وڵاتە هەرە مەزنەکانیش بەرامبەر ئەو دیاردەیە لێڵی و ناڕوونی‌یەکی بەرچاوی پێوە دیارە.

....دووەمیش ئەوەیە تا ئێستا کۆمەڵگای جیهانی و لەسەرووی هەمووشیەوە دەسەڵاتە مەزنە سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و نیزامی و فەرهەنگی و زانیاری‌یەکان تەنیا شەڕی دیاردەی تیرۆریزم - ئەویش بە ناڕوونی و نیوەچڵی - دەکەن و کاریان بەسەر ناسین و لە ڕەگو ریشە دەرهێنانی ماکی تیرۆریزمەوە نیە، بەومانایە کە هێشتا خۆیان بەوەوە خەریك نەکردوە کە بزانن تیرۆریزم لە چییەوە سەر هەڵدەداو هۆیەکانی سەرهەڵدانی چین.

دیاردەیەکی موسبەت کە لە سیاسەتی نێونەتەوەیی‌دا هاتۆتە ئاراوەو کەم و زۆر کاری پێکراوە، هەڵوێستی دەسەڵاتە گەورەکان بەرامبەر بە ماف و ئازادی‌یەکانی گەلانی بندەست و زۆرلێکراوە. ئەگەر تا دوا دواکانی سەدەی رابردوو هەموو جۆرە وەدەنگ هاتنێکی کۆمەڵگای جیهانی بە بیانووی دەست تێوەرنەدانی کاروباری نێوخۆیی وڵاتانەوە رەت دەکرایەوە، لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەم دا شتێك بە ناوی دەستتێوەردانی رەوا هاتە نێو زاراوە سیاسی‌یەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی....

.... ئەگەر زۆربەی ئەمانە بە بڕیار یان پشتگیریی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و زیاتریش لەسەر دەستی زلهێزەکان هاتوونە دی، جێگای داخە لە هەر جێیەك ئەو زلهێزانە قازانجی تایبەتیی خۆیان تێدا نەدیتبێ بەرامبەر بە پێشێلکردنی ماف و ئازادی‌یەکانی گەلانی بندەست و چەوساوە بێدەنگ بوون و تەنانەت جاری وابووە پشتی دەوڵەتە سەرەڕۆکانیشیان گرتووە. ناتەبایی و دوو جۆریی هەڵوێستی زلهێزەکان دەتوانین بە زەقی بەرامبەر بە پێشێلکرانی ماف و ئازادی‌یەکانی گەلی کورد لە هێندێك بەشی کوردستان دا ببینین، لە حاڵێك دا ئەو هێزانە تا رادەیەکی کاریگەر پشتیوانی‌یان لە وەدیهاتنی بەشێکی بەرچاو لە مافەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان کردوە - کە ئەمەیان جێگای رێزو پێزانینە - بەرامبەر بە سەرکوتی گەلی کورد بە تایبەتی لە تورکیەو ئێران متەقیان لێوە نەهاتووەو تەنانەت پشتیوانییشیان لە هەڵوێستی تورکیە کردوە. بەو ئاواتە ئەو "بانێك و دوو هەوا"یە لە هەڵوێستی زلهێزەکان دا کۆتایی پێ بێ و ئەگەر بە دەخاڵەتی رەواش نەبێ، هەر نەبێ بە پشتیوانیی رەوا لە داخوازە بەرهەقەکانی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دا بە پڕەنسیپ بوونی خۆیان نیشان بدەن و رێزو ئەمەگناسیی هەموو نەتەوەی کورد بۆخۆیان مسۆگەر بکەن.

## سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

.... ئەوەی لە سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە رۆژهەڵاتی نێوەراست روون و ناسراوە پشتیوانیی ئەو دەوڵەتە لە ئیسرائیل و ئەمنیەتی ئیسرائیلە، کە ئەمەیان وەك پارێزگاری لە میللەتێك زۆر لە جێگای خۆی دایە، بەڵام جێی داخە کە ئەمریکا مەسەلەکانی ئەو ناوچە گرنگ و ستراتیژیکە زیاتر لە روانگەی ئەمنیەتی ئیسرائیلەوە سەیر دەکاو هەرچی پێوەندیی بەو ئەسڵەوە نەبێ، بایەخێکی کەمتری پێدەدا. ئێستا جێی خۆشحاڵی‌یە کە وا دیارە واشینگتۆن بڕیاری داوە رێگاچارەیەکی ئابڕوومەندانە بۆ مەسەلەی فەلەستین بدۆزێتەوە. بەڵام بەرامبەر بە مەسەلەکانی دیکەی ئەو ناوچەیە کە گرنگترینیان مەسەلەی کوردە ئەمریکا نەك هەر سیاسەتێکی چالاکی نیە، بگرە سیاسەتێکی روونیشی لە خۆی نیشان نەداوە. جارێ مەسەلەی رۆژهەڵاتی نێوەراستی گەورەو دێموکراتیزە کردنی ئەم ناوچەیە بە هەر هۆیەك بوو، هەر پاش هێنانە گۆڕی بایەگانی کراو ئێستا بۆ چوار ساڵ دەچێ کە باسی لێوە ناکرێ و ناوی لێوە نابرێ. پاشان هەڵوێست بەرامبەر بە دوو وڵاتی ئەم ناوچەیە (سووریەو ئێران) کە هەرکامیشیان بەشێك لە خاکی کوردستانیان تێدا هەڵکەوتوە، کەوتۆتە سێبەری وەزعییەتی ئەمنیەتیی عێراق و هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق. ئێمە قەت بانگەوازمان بۆ هێرشی نیزامیی ئەمریکا یان هەر هێزێکی بێگانە بۆ سەر ئێران نەکردوەو ناشی‌کەین. بەڵام قسە لەوەیە ئەگەر رۆژێك لە رۆژان هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران ورەو هۆمێدی بە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران دەدا ئەوە زیاتر لە دوو ساڵە سیاسەتی ناڕوونی ئەمریکا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی خەڵکی ئێرانی لە جیددی بوونی ئەمریکا لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو رێژیمەدا خستۆتە گومانەوە.

## رۆژهەڵاتی نێوەراست

جێگای خۆشحاڵی‌یە کە مەسەلەی کورد لە عێراق و بە رواڵەت مەسەلەی فەلەستینیش رێگای خۆیان بەرەو چارەسەر گرتۆتە بەرو ئاواتەخوازین بە زوویی بە سەرەنجامی دڵخواز بگەن. بەڵام هەموو ئەوانەی قازانجیان لە دابین بوونی ئاشتی و هێمنی لەو ناوچەیەدا هەیە دەبێ بزانن هەتا ئەو وەختەی رێگاچارەیەکی گونجاو بۆ هەموو مەسەلەکان و پێش هەموانیش مەسەلەی کورد نەدۆزراوەتەوە چاوەڕوانیی سەقامگیر بوونی ئەو ناوچەیە چاوەڕوانی‌یەکی بەجێ و واقیع بینانە نیە. کەوابێ ئەرکی هەمووانە هەرکەس بەپێی جێگەو پێگەی خۆی هەوڵ بدەن مەسەلەی کورد رێگاچارەیەکی بەکردەوەی بۆ پەیدا بێ تا ناوچەکەش بکەوێتە ئەمنیەتێکی دایمی و قازانجی لایەنە پێوەندیدارەکانیش دابین بێ.

## مەسەلەی کورد

کە باس لە مەسەلەی کورد دەکرێ مەبەست مەسەلەی نەتەوەیەکی نیزیك لە چل میلیۆن کەسی لە یەکێك لە گرنگترین ناوچە ستراتیژی‌یەکانی جیهانە کەخۆی و وڵاتەکەی بە دوور لە ویست و کاریگەریی خۆی بە سەر چەند وڵات دا دابەش کراون و تا ئێستا لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێبەشەو بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافە رەواو سروشتی‌یە خەبات دەکا....

.... ناتەواویی بەرچاو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی گەلی کورددا پەرش و بڵاویی هێزە پێشڕەوەکانیەتی. هەر ئەمەش کۆسپێکی گەورەی سەر رێگای گەیشتنی ئەو گەلە بە مافە رەواو مێژوویی‌یەکانی خۆیەتی. وەك دەزانین نەك هەر کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان نەیان‌توانیوە لە رێگای حیزبە خەباتگێڕەکانەوە ستراتیژی‌یەکی هاوبەش بۆ تێکۆشانی خۆیان دیاری بکەن، بەڵکوو هێزە سیاسییەکانی یەك یەکی پارچەکانیش تا ئێرە دەستیان بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ خەبات و بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ ئێستاو دوارۆژی خەباتەکەیان رانەگەیشتوە. لەمانەش خەراپتر ئەوەیە کە لە هێندێ بەشی کوردستان هاوکاریی نێوان هێزە سیاسی‌یەکانی کورد رەوتی پێچەوانە دەپێوێ و هەرجارە ناجارێك لەتبوونی یەکێك لە رێکخراوە خەباتگێڕەکان کۆشکی هیوای کورد دەلەرزێنێ. بە باوەڕی ئێمە ناکۆکی و جیاوازیی بیرو بۆچوونی هێزە سیاسی‌یەکانی کورد لە سەردەمی وشیاریی گەلان دا نەك هەر کارەسات نیە، بەڵکوو شتێکی سروشتی و تەنانەت نیشانەی پێگەیشتنی فکرییشە. گیرو گرفتی گەورە وێك هەڵنەکردن و هاوکاری نەکردنی نێوان ئەو هێزانەیە کە لە بەشی زۆری‌دا ئاکامی خۆپەرستی و پاوانخوازیی ئەم یان ئەولایەنی نێو بزووتنەوەی کوردە. ئەگەر هەستی بەرپرسایەتی بە سەر هەمووان دا زاڵ بێ و قازانجی گشتیی گەل و نیشتمان وەپێش قازانجی حیزبی و رێکخراوەیی بخرێ، هەم بزووتنەوەی کورد لە هەرکام لە بەشەکان دا دەتوانێ رەوتی لێك نیزیك بوونەوەو هاوکاریی هێزە سیاسی‌یەکان بگرێتە بەرو هەم کوردی هەموو بەشەکانیش لەگەڵ هەموو جۆراوجۆری‌یەکی هەل و مەرجی خەبات ئەوەندە خاڵی هاوبەشیان لە نێوان دا هەن کە بتوانن لە سەریان رێك کەون و هاوکاری بکەن بێ ئەوەی زەبر لە پێوەندی‌یە تایبەتی‌یەکانی هیچ لایەنێك بوەشێنێ.

ئێمە پێمان وایە دەبێ ئەم کۆنگرەیە بە بڕیارێکی بەرپرسانە کومیتەی ناوەندی رابسپێرێ کە ئەرکی هەوڵدان بۆ لێك نیزیکبوونەوەی هەموو حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ریزی هەرە پێشەوەی ئەرکە خەباتگێڕانەکانی دابنێ و بە مایە لە خۆدانان و بە گرنگتر زانینی قازانجی گشتیی بزووتنەوە تێبکۆشێ لە زووترین دەرفەتی گونجاودا هاوپەیمانی‌یەك - لە ژێر هەر ناوێك‌دا بێ - لە نێو حیزب و رێکخراوە تێکۆشەرەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا دروست ببێ. هەر وەك بە دروستی دەزانین کۆنگرە کومیتەی ناوەندیی تازە رابسپێرێ بە نۆرەی خۆی لە پێناوی داڕشتنی ستراتیژی‌یەکی هاوبەش بۆ بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا تێبکۆشێ.



# سوسیال دێموکراسی چیه؟

**(بەشی یازدەهەم)**

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە:
کەماڵ حەسەنپوور

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزم و سۆسیال دێموکراسی‌داو هەروەها مۆدێل و ئەزموونەکانی سۆسیالیزم لە وڵاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی ئینگلیزی‌یەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سوسیال دیموکراسی چیه؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بڵاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆن و ئان ماری لیندگرێنە.**

ئەوە دەتوانێ وەک ئاکامێکی ڕوانگەی ماتریالیستی لە سەر مێژوو سەیر بکرێت: کەرەسە دەرەکی‌یەکان، واتە پێش‌شەرتەکان چوارچێوەی ئەو شتانەی کە لە بواری سیاسی‌یەوە گونجاون دیاری دەکەن. گوستاو مۆللێر وەک وەزیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە چلەکان و پەنجاکان داهێنەری ڕێفۆرمی گەلێک مەزن بوو: هیچ مرۆڤێک قەت دلسۆزی قووڵی ناوبراویان بەرامبەر بە ئەرکەکانی‌یەوە نەبردۆتە ژێر پرسیار، دڵسۆزی‌یەک بۆ هەژاران و ئەوانەی کە لە بواری کۆمەڵایەتی‌یەوە لە کۆمەڵگا دەرهاویشتراون کە لە ئەزموونەکانی سەختی خۆیەوە سەرچاوەیان گرتبوو. بەڵام گوستاو مۆللێر خۆی لە یەکەم پلانی ڕێفۆرمە مەزنەکەیدا (١٩٤٧) نووسی کە پێشکەوتنی چاکسازی کۆمەڵایەتی داهاتوو دەبێ بە خێرایی گەشەکردنی ئابووری‌یەوە ببەسترێتەوە.

هەڵبەت ئەوە ئەرکی سیاسەتە کە بۆ گۆڕینی پێش‌شەرتە دەرکی‌یەکان هەوڵ بدات، بە جۆرێک کە ئەوان دەرفەتی گەورەتر بۆ هێنانەدیی بایخەکانی مرۆڤ دەستەبەر بکات. بەڵام ئەوە وەک ڕێسا پرۆژەیەکی گەلێک درێژخایەنە و تۆ ناتوانی قازانجەکانی خۆت پێشەکی خەرج بکەی. تۆ ناتوانی بۆ خانوویەک بگوێزی‌یەوە کە دیوارەکان و بانەکەی ئامادە نەبوون. پێش ئەوەی کە تۆ دەست بە دروست کردنی خانووەکە بکەی دەبێ بناغەکەی ئامادە بکەی و ئەوە لە خۆیدا تێکۆشانی گەلێک قورس و کاتخوازی پێویستە. خەبات بۆ مافی دەنگدانی گشتی و ٨ کاتژمێر کار لە ڕۆژدا کە لە ساڵەکانی ١٨٩٠ دەستی پێکرد ئاکامەکانی پتر لە ٢٠ ساڵ دواتر دەرکەوتن. ئەو هەوڵانەی کە بۆ باش کردنی باری ئابووریی دەوڵەت لە نەوەدەکاندا ئەنجام دران بۆ مسۆگەر کردنی سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە درێژخایەندا پێویستن، بەڵام لە کورتخایەندا خۆ بەخت کردنی بێ ئەملاوئەولا دەخوازێ. هەروەها ئەو هەوڵە چڕانەی کە لە نەوەدەکان بۆ پەروەردە و فێر کردن ئەنجام دران بۆ مسۆگەر کردنی کار و سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە درێژخایەندا پێویستن، بەڵام ئاکامی ئەوانە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی‌تر دەرناکەون.

سیاسەت مەسەلەی ویستنە: ویستن بۆ ئاڵوگۆڕ، ویستن بۆ وەدی هێنانی خەونەکان و ئایدیالەکان. بەڵام بێ گومان سیاسەت مەسەلەی جادو کردن نیە! سیاسەت لە ڕوانگەی ڕۆژانەوە (ئەمرۆ بۆ سبەی) هەرگیز ناتوانێ زیاتر لەوەی کە مەرجە دەرکی‌یەکان ڕێگا دەدەن دەستەبەر بکات، و حاڵەتی وا هەیە کە ئەو مەرجانە بە ڕاستی گەلێک بەرتەسکن. لە ڕوانگەیەکی دوورترەوە سیاسەت دەتوانێ ئەو مەرجانە بگۆڕێت، بەڵام لەو حاڵەتەدا مرۆڤ دەبێ لە بیری بێت کە ئەوە پێویستی بە کات و زۆر جارانیش ئازایەتیی زۆر هەیە.

ئەزموونێکی گرنگی‌تر ئەوەیە کە ئێمە دەبێ بەرامبەر بە لێکدانەوەی سەرلێشێوێنەرانەی ئامانجەکان وریا بین. بە داخەوە ئەو هەڵەیە زۆرجار هەم لە بەرەی چەپ و هەم لە ناو ڕاستەکاندا ئەنجام دەدرێت. لە لایەنی کۆمۆنیستی‌یەوە ئەوە بوو بە هۆی ئەو ڕوانگەیە کە ئابووری تەواو حکومەتی و کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان یەک شت بوون؛ ئاکامەکەشی نەبوونی ئازادی و یەکسانی بوو. لە لایەنی کۆنسێرڤاتیوەکانیشەوە هەمان هەڵە دەکرێت کاتێک کە بازرگانی کەرتی تایبەت و کاریگەری ئابووری وەک یەک شت سەیر دەکرێت و هەڕەشەکان لە دژی سەقامگیری و کاریگەریی ئابووریی گشتیی جیهانی لە لایەن تەوژمە بەراووردییە (speculative) بەربڵاوەکەی سەرمایەی تاکیی لە جیهانی ئەمرۆ پاش گوێ دەخات.

لە ڕوانگەی ئێمەوە کردەوەی سیاسی و هەروەها ستراتێژی‌یە سیاسی‌یەکان هەمیشە دەبێ بەپێی ئەو شتانەی کە دەستەبەریان دەکەن هەڵسەنگێندرێن: ئاخۆ ئەوان یارمەتی پێشکەوتنێک بەرەو ئەو ئامانجانە کە ئێمە دەسنیشانمان کردوون دەکەن، یا ئەوان ڕەوتەکە بەرەو ڕێبازێکی بە تەواوی جیاواز دەبەن. ئەگەر دەرکەوت کە ئەوەی دواترە ئەو کات زۆر ئاشکرایە کە چاوپێداخشاندن بە سەر ئامرازە کەڵک لێ وەرگیراوەکان پێویستە. بە هەمان شێوە مرۆڤ دەبێ ئامادەی پێداچوونەوە بەسەر ئەو بەڵێنی‌یانەی کە دراون بێت: ئایا ئێستاش هەمان ئەرک جێبەجێ دەکەن کە سەردەمێک دەیان کرد، یا بە هۆی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگا ئەوان چی‌تر ئەو ئەرکە بە باشیی رابردوو جێبەجێ ناکەن یا تەنانەت لەوانەیە ئەوان بەو شێوەیە کە سەردەمێک پێویست بوون چی‌تر پێویست نەبن؟

وانەی سێهەم ئەوەیە کە کۆمەڵگا قەت بێ کەموکوڕی نیە. ڕەنگە لە مێشکی گەلێک سۆسیال دێموکراتدا پاشماوەی ئەو ڕوانگە مارکسیستی‌یە هەبێت کە کاتێک مێژوو لە کۆمەڵگایەکی ئایدیالدا دێتە کۆتایی، کە لەوێدا هەموو شتێک لە بارودۆخێکی تەبایی (harmony) هەتاهەتایی دەمێنێتەوە. بەڵام کۆمەڵگا شتێکە کە بێ پسانەوە لە گەشەکردن و گۆڕان دایە، کە لەوێدا زۆر هێزی جیاواز لە کار دان، کە لەوێدا گیروگرفتی نوێ سەر هەڵدەدەن و جیلی نوێ، بە داخوازی و ئەزموونی نوێ، پێ دەگەن. بەو شێوەیە داخوازەکان لە کۆمەڵگا، لە ئابووری و لە سیاسەت هەروەها لە ئاڵوگۆڕی بێ پسانەوە دان.



## میراتی تێکەڵاوی بیروباوەڕەکان

ئێمە لە بەشی دەستپێکدا نووسیمان کە ئایدیۆلۆژیی سۆسیال دیموکراسی زۆر سەرچاوەی هەن: لە ڕاستیدا ئەو میراتەی فکرەکان هەر شتێک بێت یەکشێوە (uniform) نیە. بە یارمەتیی ئامێرەکانی شیکردنەوە ئێمە دەتوانین لێ بکۆڵینەوە کە کام شت دەبێ چارەسەر بکرێت و کام ئامانجانە دەتوانن بێنە دی. بەڵام لە سەرەتادا بەهاکان و شیکاریی بەشێک لە هەمان سیستەمی فکری نەبوون: ئەوان لە کاری سیاسیی بە کردەوە و لە گفتوگۆ تیۆریکی‌یەکان لە ماوەی ساڵانی زۆر لەو دەمەوە کە یەکەم مۆدێلەکان داڕێژران بە یەکەوە تەنراون. بیروباوەڕەکان لە سەر ئازادی، یەکسانی و برایەتی زۆر لە تیۆری‌یەکانی مارکسیستی لە پێوەندی لە گەڵ خەباتی چینایەتی و مارشی پێشکەوتن بەرەو سۆسیالیزم کۆنترن. لە ڕاستیدا مارکسیزم فەلسەفەی ئەخلاقی نیە، هەرچەند کە مارکس بۆ خۆی لە ڕەخنە گرتن لە بێدادی‌یەکانی کۆمەڵگا زۆر ڕەوان بێژ بوو. بەڵام هەروەک وتوومانە مارکسیزم تیۆری‌یەکە کە بناغەی لە سەر فەلسەفەی مێژوو لە بارەی گەشەکردنی کۆمەڵگا داندراوە، و هەر وەک هەموو تیۆری‌یەکی زانستی تێدەکۆشێ نیشان بدات کە چ شتێک ڕاستە، نەک چ شتێک دروستە.

لە ڕاستیدا لە نێوان نەریتی یوتۆپیایی-ئایدیۆلۆژیکی، بەو شێوەیە کە لە بەهاکانی وەک ئازادی و یەکسانیدا دەگوترێ و نەریتی "سۆسیالیستی زانستی" مارکسیستیدا ناکۆکی‌یەک هەیە. مارکس عادەتێکی هەبوو لە پەیوەندی لە گەڵ ئەو بە ناو سۆسیالیستە یوتۆپیایی‌یانەدا، ئەو لە وتەکانیدا تا ڕادەیەک بە سووکی سەیری ئەوانی دەکرد (هەر چەند کە بەشێک لەوان تا ڕادەیەک سیاسەتوانی کارامە بوون) چونکە بە بۆچوونی ئەو ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگا ناتوانن لە سەر خەون و هیواکان (ideals) دامەزرێن بەڵکوو دەبێ لە سەر ئەو شتەی کە پلانی مێژوویی بۆ گەشەکردن دەخوازێ دامەزرێن.

ئەو بۆچوونە کە گەشەکردن لە سەر بنچینەی یاسا داندراوە و لە ئەنجامدا کاری سیاسی دەبێ لەو ڕێگا چارانە پێکهاتبێ کە لە گەڵ پلانی شتەکان گونجابێت، زۆرجار لە گەڵ چەمکی بەها ئایدیۆلۆژی‌یەکان ناکۆکی هەبووە. هەڵبەت یەکێک لە ترسناکترین نموونەکانی ئەوە سیستەمی سۆڤیەتە، کە لەوێدا وەفاداری بە پلانی گەشەکردنی "سۆسیالیزمی زانستی" بووە هۆی پێشێل کردنی ڕاستەوخۆی فکرەکانی ئازادی، یەکسانی و هاوپەیوەندی. هەر چۆنێک بێت، چەندین نموونە هەن کە چۆن گفتوگۆ لە سەر ڕێکخستنی "دروست" و شێوازەکان لە باس لە سەر داخوازەکانی ئازادی و یەکسانی بەرزتر نرخێندراون. مشتومڕە رادیکاڵەکەی شەستەکان و حەفتاکان کە زۆرجار خاڵی دەستپێکی داخوازی ئازادی بوو ـ بۆ وێنە پشتگیری لە جووڵانەوەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بە دژی هێزە داگیرکەرەکان ـ لە زۆر شوێن بوو بە باسێکی زۆر فەرمی لە سەر ڕێکخستن، کە لەوێدا داخوازەکان بۆ ئازادی و یەکسانی لە قوژبنێک پەستێورا بوون.

ئەگەر مرۆڤ، لە گەڵ سۆسیال دێموکراسی، ئەو بۆچوونە وەلا بنێت کە گەشە کردن بە هەندێک یاسا بەستراوەتەوە، و لە جیاتان ئەوە وەک ئاکامی ویست و تێکەڵاویی خەڵک، هەم وەک تاک و هەم بەکۆمەل ببینێت، ئەو کات فکرەکان، "یوتۆپیاکان"، دەبنە گرنگترین فاکتەر- ئەگەرچی بە یارمەتیی هەندێک ئامێری شی کردنەوەی دیاری کراو. چی‌تر مەسەلەکە ئەوە نابێ کە کام ڕێکخراو لە هەموان دروست‌ترە، بەڵکوو بە چ شێوەیەک دەتوانین بۆ پێشخستنی ئایدیالەکانمان کار بکەین، و کام سیاسەت بە باشترین شێوە دەتوانێ دەرفەتەکانی گەشە کردنی درێژخایەن بەرەو ئەو ئامانجانە کە دەمان هەوێ پێیان بگەین دەستەبەر بکات.

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بلاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# واهاتەوە نەورۆزی کوردەواری

جەماڵ پوور کەریم

ڕۆژی نوێ بوونەوەی سروشت‌و یەکەم ڕۆژی مانگی خاکەلێوە کە سەرەتای بەهارو سەوزایییە بە نەورۆز ناسراوە. ئەم جەژنە هەزاران ساڵە لە نێو کورداندا باوەو هیچ ڕووداوو ئاڵوگۆڕێکیش نەیتوانیوە ئەم بۆنەیە لە نێو ببات یاکوو کاڵ‌و کەمرەنگی بکاتەوە. ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەر شوێنێکی ئەم گۆی زەوییە بن ئەم ڕۆژە دەکەنە جەژن‌و خۆشی‌و ئاگر دەکەنەوەو هەڵدەپەڕن. لە سەر چونیەتیی سەرهەڵدانی نەورۆز بیروڕای جیاواز هەیەو هەر کەسەو بە جۆرێك باسی دەکاو تەنانەت هێندێك نەتەوەی نا کورد بە جەژنی خۆیانی لە قەڵەم دەدەن‌و دەیهێننە ئەژمار، لە ڕاستیدا ئەم جەژنە تایبەتە بە تیرەی ئارییایی‌و بە تایبەتی کورد.

هێندێك بڕوایان وایە کە سەرەتای ساڵی کوردی‌و یەکەم ڕۆژی لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە مادەکان بە سەر ئاشوورییەکاندا سەرکەوتن، کەسانێك بە کاوەو ڕووخانی زوحاك (ئەژیدێهاك)ی دەبەستنەوە، بەشێك لەم باوەڕەدان‌و ڕایان وایە کە هاوکاتە لە گەڵ نوێبوونەوەی سروشت‌و پێوەندی بەهیچی ترەوە نیە. کەسانێکی تر بە ڕەمزو هێمای زەرەدشتی پێغەمبەری کوردانی دەزانن‌و ڕایان وایە کە زەردەشت ئاگر پەرەست بووەو بۆیە نەورۆز وەك جەژنێکی نەتەوەیی‌و ئایینی هەڵبژێردراوەو لەم ڕۆژەدا ئاگریان کردۆتەوە. بەڵام جیا لەم بۆچوونانە ناوەڕۆك‌و ماناو سەر هەڵدانی نەورۆز بەم شێوەیە دەهێنمە بەر باس‌و شی کردنەوە بێگومان هەموومان چیرۆکی ئەژیدێهاك‌و کاوەی ئاسنگەرمان بیستووە کە شاعیری فارس فیردوسی لە شانامەدا باسی کردووە، فیردوسی لە کتێبی شانامەدا نووسیویەتی: ئەژیدێهاك (کە دوایین پاشای مادو کورد بووە) دوو ماری لە سەرشانی ڕواوە کە بۆ خواردنی ڕۆژانەیان پێویست بووە کە هەموو ڕۆژێ گەنجێکی وڵات بکوژرێ‌و مێشکەکەی دەرخواردی ئەم مارانە بدرێ، بەم جۆرە زوحاك لە شانامەدا بە پاشایەکی زاڵم‌و بێ بەزەیی‌و دڵڕەق ناسێندراوە، پاش ئەوەی مێشکی یازدە لە منداڵانی کاوەی ئاسنگەر دەدرێتە ئەم مارانە بۆ جاری دوازدەهەم‌و دوایین منداڵیان، کاوە دەچێ مێشکی مەڕێك دەردێنێ‌و لە جامێك دا بۆ پاشای دەنێرێ‌و لە جیاتی مێشکی مرۆڤ دەرخواردی مارەکان دەدرێ. خەڵکانێکی زۆر ئەم شێوەیەی کاوە دەکار دەکەن‌و ئەو لاوانەی سەر نابڕدرێن بەرەو شاخ ڕەوانە دەکرێن‌و لە شار دوور دەکەونەوە تاکوو نەبینرێنەوە (تاقمێك دەڵێن کورد لەم کەسانە دروست بووە کە ئاوا لە شاخەکان ماونەوە کە ئەوەش بۆچوونێکی هەڵەو ناراستە) پاش ئەوەی خەڵك لە زوڵم‌و زۆرداری ئەژیدێهاك (زوحاك) وەزاڵە دێن بە ڕێبەرایەتیی کاوەی ئاسنگەرو کوتك لە سەرشان بەرەو



بارەگای حاکم وەڕێ دەکەون‌و تاج‌و تەختی دێننە خواریّ‌و زوحاك بەدەستی کاوە دەکوژرێ. (بەش بەحاڵی خۆم ئەم چیرۆکە بە درۆیەکی گەورە دەزانم‌و ئاوای بۆ دەچم کە یەکەم: ئەژیدێهاك کە بە زوحاك ناسراوە هەر وەکی لە ناوەکەی ڕا (زوحاك) دیارە، کەسێکی لێو بە بزەو ڕووخۆش بووەو وشەی زوحاك کە لە (چحك)ی عەرەبییەوە هاتووە بە مانای بزەیە، کەوابوو کەسێکی لێو بەبزەو ڕووخۆش، چۆن دەکرێ‌و دەتوانێ ئاوا زاڵم بێ کە فیردەوسی باسی لێوە دەکا.

دووهەم: فیردەوسی دەڵێ دوو ماری گەورە لە سەر شانی چەپ‌و ڕاستی زوحاك هەبووە. لێرەدا وشەی (بیمار) دێنمە گۆڕێ وشەی بیمار کە واتاکەی دەبێتە نەخۆش‌و نەساخ هەم لە کوردیدا هەم لە فارسیدا، بەڵام ئەم وشەیە چۆن سەری هەڵداوە، ئەمە جێگەی تێڕامان‌و سەرنجە، وشەی (بیمار) واتە (بێ مار) گەر لێی ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هەر کەس ماری نەبێ‌و بیمار بێ، واتە نەخۆش‌و نەساخە، بەڵام مەبەست لە مار چییە، لە سەر شانی هەموو مرۆڤێك دوو شادەمار هەیە کە حەیات‌و زیندوو مانەوەی مرۆڤ پێوەندی بە وانەوە هەیە، هەرکات نەخۆش دەکەوین ئەم دەمارانە سست‌و بێ هێز دەبن، بەڵام ئەگەر لەش ساغ‌و سەر حاڵ بین ئەم ماسولکانەش سەرحاڵ‌و گەش دەبن. ئەم دوومارەی کە فیردەوسیش باسی دەکا تەنیا ئەم شادەمارانە بوون کە ئاوا گەورەی کردوونەوە، کەواتە زوحاك کەسێکی بە تواناو بەشان‌و باهۆ بووەو ئەم شادەمارانەی بەقوەت‌و گەورە بوون، دەنا هیچ عەقڵێك ئەوە ناسەلمێنێ کە دوومار لە سەر شانی زوحاك ڕوابێ، مەگەر لە دنیای ئەفسانەو درۆدا.

سێهەم: گۆیا کاوەی ئاسنگەر، ئەژیدێهاکی لە نێوبردوە، هەمووشمان بۆمان ڕوونە کە ئەژیدێهاك پاشای مادەکان واتە کوردەکان بووەو لە پاش ڕووخانی دەسەڵاتەکەی بە دەستی کاوە حکوومەت‌و دەسەڵات کەوتۆتە دەست فارسەکان لە ئاکامدا کاوە حکوومەتی کوردی لە ناوبردوە.

چوارەم: کاوەیەك کە حکوومەتی کوردی لەنێو بردوە پێویست ناکا ئێمەی کورد بە قارەمان ناوی بەرین، بەڵکوو کەسێکی وا دەبێ بە جاش‌و زۆڵە کورد نێو ببرێ، چونکە لەو کاتەوە تا ئێستاش ئێمەی کورد هەر خۆمان نەگرتۆتەوەو هەروا ژێر دەستەین.

پێنجەم: فیردەوسی دانەرو نووسەری شانامە خزمەتکاری بارەگای غەزنەوییەکان بووەو هەرچی لە شانامەدا نووسیویەتی دەبوایە بە دڵی فارسەکانی بینووسێ‌و دژی حکوومەتی ماد بێ، ئەم بەشەی شانامە جگە لەوەی شادرۆنامەیەکی گەورەو داستانێکی سازکراوە مێژوو شێوێنێکی گەورەشەو لە ڕاستیدا بۆ سەرچاوەیەکی مێژوویی باوەڕ پێکراو نابێ.

کەوابوو نەورۆزی کوردان هیچ پێوەندییەکی بە زوحاك‌و کاوەوە نیەو تەنیا پێوەندیی بە نوێبوونەوەی ساڵی کوردیەوە هەیە. لەم ڕۆژە دایە کە ئێمەی کورد جەژن دەگرین‌و دەیکەینە خۆشی‌و ئاگر کردنەوەو ئاگریش بە نیشانەی بەر خودان‌و پاککەرەوەی پیسی‌و ڕەشی‌و شەڕ دەناسین. هەر بۆیە کاتێ داگیر کەرانی کوردستان ئاگر کردنەوەی کوردان دەبینن هەست بە ترس دەکەن‌و لەوەی تۆقیون کە بڵێسەی ئەم ئاگرە بیانسووتێنێ‌و لەنێویان بەرێ. هەر بۆیە ئاگر بۆتە هێمای خۆڕاگری‌و دژایەتی لە گەڵ نەیارانی گەل‌و نیشتمان. باچیتر کاوەنەکەینە ڕەمزی شۆڕش‌و کوردایەتی، ڕەنگە کاوە بۆ نەتەوەی فارس جێگەی شانازی بێ، بەڵام بۆ ئێمە نا، بەڵکوو بۆ ئێمە ئەم ڕۆڵانە دەبێ جێگەی شانازی بن کە گیانیان لە زیندانەکانی چەوسێنەرانی گەلداو لە ژێر پەتی سێدارەو تیرۆردا لە دەست داوە، ڕۆژی سەرکەوتنی ماد بەسەر ئاشووردا بکەینە ساڵیادو نوێبوونەوەی سروشت بکەینە ڕەمزی نوێگەری‌و نوێبوونەوەو بیکەینە جەژنی لێك نزیك بوونەوەی گەلی کورد، چونکە لەم ڕۆژە دایە هەموو کوردێك لە هەر قوژبنێکی ئەم جیهانە بێ دەیکاتە جەژن‌و ئەوەش یەکدەنگی‌و یەکڕەنگی‌و یەکگرتوویی نەتەوەی کورد دەگەیەنێ، با مێژووی خۆمان بۆ خۆمان‌و بە قەڵەمی خۆمان دابڕێژینەوەو خەڵکانی دژمان هەرچی پێیان خۆش بوو، بۆمان نەنووسن‌و دەرخواردی خۆمان‌و نەوەی داهاتوومانی نەدەن، کەوابوو با پێکەوە بڵێین

جێژنە جەژنی کوردستانە، جەژنی نەورۆزە
بەتیشکی ئاگر ئەنووسم، جەژنە پیرۆزە
چاوگی ئاگر، هێزو گیانمە
باوەڕی بەرزی کوردستانمە - سەیریکەن، سەیریکەن، سەیریکەن
شاخ‌و دەشت‌و شارو گوندم، تاویسەندووە
گۆڕی مەرگی دوژمنانم، لێهەڵکەندووە
پڕ بە دەم بانگ ئەکەم، سەربەستیم ئەوێ
کوردستانم جێی شێرانە، ئەبێ سەرکەوێ، مایەی شانازیمە، بسووتێم‌و نەمێنم
بەڕووناکیی لەشم، پەردەی شەو ئەدڕێنم.

پەیڤ

## ساڵی نوێ
## بە بێ بیر کردنەوەی نوێ!

سامان فەقێ‌نەبی

لە بەرەبەری ئامادەکردنی بابەتی ئەم جارەی گۆشەی "پەیڤ"دا بووم کە ڕاگەیەنراوی پلینۆمی "حدکا" لە سەر کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بلاو بۆوەو دواتریش بەڕێز حاجی ئەحمەدی لە لێدوانێك لە نەورۆز تیڤی‌دا پەلاماری هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی‌دا. بەم پێیە کە هەر دووکی ئەم لێدوانانە لە یەك گوتاری هاوشێوەوە سەرچاوە دەگرن بە پێویستم زانی هەڵوەستەیەکیان لە سەر بکەم.

عەقڵییەتی دوگم‌و ئیکسپایری سەرکردایەتیی هێندێك پارت‌و گرووپی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای نوێبوونەوەی سروشت‌و هاتنی بەهار بەداخەوە وەك خۆی ماوەتەوەو وادیارە بیرکردنەوە بە مەبەستی یەکریزی‌و هاوخەباتی هێشتا کاتی نەهاتوەو بەشێکی کەم لە هەڵسووراوانی سیاسی بەبێ سوود هێزو کاتی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردوە!

بۆ وێنە ئەگەر ڕاگەیەندراوی"حدکا" لە پێوەندی لەگەڵ کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەڵسەنگێنین، تەنیا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە سەرکردایەتیی ئەو لایەنە (هەڵبەت بەشێکی) کورد گوتەنی ئاگای لە مەحموودی بێ زەواد نیەو تاکو ئێستاش هەر بە گوتاری زاڵی دەیەی ٦٠ی هەتاوی لێدوان دەدا. گوتاری زاڵ بە سەر ئەو لایەنەدا لە مێژ ساڵە لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا وەلانراوە، تاك پەرستی، سکتاریسم، و ورووژاندنی هەستی خەڵك لە ڕێگای هێنانە ئارای ناوی ڕێبەرانی شەهید (بەشێوەیەکی ئامرازی)، سووکایەتی بە هێزو لایەنەکانی‌ترو... ئەو خەسڵەتە دواکەوتوانەیە لە ئاخێوی نەتەوەیی خەڵکی کوردستاندا ئەمڕۆکە جێگایەکی نیە. ناوهێنانی حیزبێك کە بە ئیعترافی زۆر لایەن یەکێك لە هێزە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بە جەماعەتی مەلا حەسەن ڕەستگار، دەیسەلمێنێ کە تا چ ڕادەیەك دێموکرات بوون لە نێو ئەواندا مانای هەیەو پلۆرالیزم تا چ ئاستێك لە لای ئەوان پەسندە!

مەسەلەیەکی‌ترکە بۆتە هۆی ئەوە ئەم چەند دێڕە بنووسم وتووێژی بەڕێز حاجی ئەحمەدی لە نەورۆز تیڤی‌دا بوو. سەرۆکی پژاك! لە ڕێگای گوتارێکەوە کە تەحقیرو سووکایەتی بەشی سەرەکیی بوو، هەوڵی ئەوەی دەدا کە پژاك وەکوو ئاڵتێرناتیڤی هەرەباشی دێموکرات‌و کۆمەڵە بناسێنێ (هەڵبەت هەقی خۆیەتی)، بەڵام بەڕێز حاجی ئەحمەدی کە ئێستاش دیار نیە کە لە نێو ستراکتۆری پژاك دا، لە چ ئاستێکدایە دەبوایە لە ئاستی پلەو پایەو ناوو بەرپرسایەتی-یەکەی‌دا بایەو ڕێگا بە خۆی نەدا بڵێ: هەوساری ئەو هێزانەی دیکە.... بە دەست مام جەلالەوەیە! بەڕێز حاجی ئەحمەدی باشتر وابوو کە لە وتەکانی‌دا زیاتر پێداگری لە سەر برایەتی‌و هاوخەباتی لەگەڵ هێزەکانی‌تر کردبایەوە، چونکە دۆستایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکرات، دۆستایەتی لەگەڵ پتر لە ٦٠ساڵ خەباتی ڕۆژهەڵاتە کە.....

بەو هیوایە کە هەموو لایەك تێبکۆشین چیتر لە بازنەی دوگماتیزمی هزری‌و حیزبیدا نەمێنینەوەو باش‌و خراپی هەر دیاردەو چوارچێوەیەك بە شێوەیەکی ڕێژەیی هەڵسەنگێنین. چونکە دەمارگرژی ئاسۆی دیدی مرۆڤ کورت دەکاتەوەو ئەمەش کۆیلەیی لێدەکەوێتەوە، کۆیلەیی هزری!

# بنەماکانی مافی مرۆڤ لە مێژوو و لە پراکتیك دا

هادی سۆفیزادە

**جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ کۆڵەکەی هەموو پەیماننامەو کونڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤو سەرچاوەی دیاریکردنی مافی تاکە کەسی، سیاسی، مەدەنی، کولتووری، ئابووریو کۆمەڵایەتییە.**

بە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی، جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ لەلایەن ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کرا. جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ کۆڵەکەی هەموو پەیماننامەو کونڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤو سەرچاوەی دیاریکردنی مافی تاکە کەسی، سیاسی، مەدەنی، کولتووری، ئابووریو کۆمەڵایەتییە. بەر لە پەسند کرانی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ خانمی ئیلێنور ڕۆزوێلت هاوسەری فرانکلین دلانو ڕۆزوێلت، لە ساڵی ١٩٤١ بەرنووسی جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤی نووسیبوو کە لە سەرچوار بنچینەی مافی مرۆڤ وەك: ئازادیی دەربڕینو بیرو باوەڕ، ئازادیی پەرەستن یا نە پەرەستن، ئازادیی هێنانە دیی خەونو ئاواتەکانو چوارەم ڕزگار بوون لە ترس داڕێژرابوو. بەڵام بێڕەحمیو کوشتارەکانی سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی، هەروەها کارنامەی ڕەشی دەوڵەتی فاشیستیی مووسولینی لە ئیتالیا، شەڕی نێوخۆییو مەدەنیی ئیسپانیا، سیستمی میلیتاریستیی ژاپۆن، هەروەها بێڕەحمییەکانی ستالین لە سۆڤیەت بوونە بنەمای کۆدەنگییەکی گشتی بۆ داڕشتنی بنەماکانی مافی مرۆڤو سەرەنجام قبووڵکردنی لە نیویورك لە ١٠ی دیسامبری ١٩٤٨دا. (١)

ساڵی ١٩٤٥بە دامەزرانی نەتەوە یەکگرتوەکان بێجگە لەو چوار خاڵە، ئازادییە بنەڕەتییەکان بەبێ جیاوازیی نەژاد، ڕەگەز، زمانو مەزهەب کەوتنە چوارچێوەیەکی بەرینترەوە مەبەستی سەرەکی لە هێنانە ئارای جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ، بریتی بوو لە گەیشتن بە پلاتفۆرمێکی ئەخلاقیو دروست کردنی کۆمەڵگای ستاندارد کە لەودا ڕێز بۆ کەسیەتی، پلەو ئازادیی تاكو کۆ دابندرێو لە هەمان کاتدا دروست کردنی تێگەیشتنێکی گشتی لە مافی مرۆڤو گارانتی کردنو هەوڵ دان بۆ پەروەردەو ڕاهێنان سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە دنیادا.

هاتنە ئارای جاڕنامەی مافی مرۆڤ دەسپێکێکی گەورەو بەرهەمی بارودۆخی ژێئۆپولیتیکیی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بوو.

"ڕێنا کاسین"ی فەرانسەیی بە پێی نەریتی مێژوویی پاراستنی مافی مرۆڤ لە ولاتەکەی: پ. سی چانگ "پرۆفسۆرو مامۆستای زانکۆی نیاچینگی لە ولاتی چین، "هێرمان سانتا کراز" پارێزەرێکی شیلیایی، "چارلیز مالیك" پرۆفیسۆری لوبنانی لە بەشی فەلسەفە،"عومەر لوتفی " لە ولاتی میسر، باڵوێز" هاوسا مێهتا" لە هێندوستان، ژێنراڵ "کارلۆس ڕۆمیلو" لە ولاتی فیلیپین، "بوگومولوف" لە یەکیەتیی سوڤیەتو"ریبیکار" لە یوگوسلاڤیا نەخشی سەرەکییان لە داڕشتنی بەرنووسەکەو پەسند کردنی ئەو جاڕنامەیەدا لە ئاستێکی بەرزو زانستیدا هەبوو.

بنەماکانی مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٨٠وە بە شێوەی زانستی پێناسە کراونو لە ساڵی ١٩٩٤وە تا ٢٠٠٤ پلانی جیهانی بۆ گەیاندنی بە خەڵکی تەواوی دنیا ئەنجام دراو لە ولاتێکی وەك نۆروێژ لە کتێبی کۆمەڵایەتیی دەورەی سەرەتاییو لە ئاستێکی بەرزتردا لە قۆناخی دواناوەندیدا دەخوێندرێ.

لێرەدا پێویست ناکا لە سەر نێوەرۆکی سی ماددەیی جاڕنامەی مافی مرۆڤ بدوێین، بەڵام وەك مەکانێکی ئەمن یا سەرپەنایەك لە سەر چەند کۆڵەکەی سەرەکی داڕێژراوە. ئەگەر سەرنج بدرێتە لۆگۆکانی نەتەوەیەکگرتوەکان هەموویان مانای پاراستنی ئینسانەکانیان لە خۆ گرتوە:

١ـ ماددەی ٢٨تا ٣٠ حوقووقی نێونەتەوەیی

٢ــ پێشەکیو بڕگەی یەکەم یەکسانیو کەرامەتو مافی گشتی ـ سەرچاوەی ئازادی، دادوەریو ئاشتی

٣ــ ماددەی ٢ تا ١١ مافی شەخسی

٤ــ ماددەی ١٢تا ١٧: مافی پێوەندیی نێوان خەڵك

٥ـ ماددەی ١٨تا ٢١: ئازادیی گشتیو مافی سیاسی

٦ـ ماددەی ٢٢تا ٢٧:
مافی ئابووری، کۆمەڵاتیو کولتوری.

پێویستە بگوترێ کە ولاتی عەرەبستانی سعوودی بڕگەی ١٨ی جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤی (کە تایبەتە بە ئازادیی دینو گۆڕینی دین) ئیمزا نەکردوە. ولاتی ئێرانیش بە شێوەی سنووردار کۆنڤانسیونەکانی مافی ژنانو مندالانی ئیمزا کردوە.

بابەتێك کە پێویستە باسی لە سەربکەین پەسند کردنی دوو کونڤانسیونە کە لە ١٦ی دیسامبری ساڵی ١٩٦٦دا بەهۆی شەڕی سادەو هاتنە ئاراوە.

کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی مافی ئابووری، کۆمەڵایەتی،و کولتووری (٢) کە لە سەر بناخەی ماددەی ١٨تا ٢١ی جاڕی گەردوونی دامەزراوەو لەلایەن یەکیەتیی سۆڤیەتو ولاتانی هاوپەیمانیەوەو بەپێی هزری سوسیالیستیو وەك داخوازێك لە بەرامبەر کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی مافی سیاسیو مەدەنیدا (٣) کە پێشنیاری بەرەی ڕۆژئاوا بوو دراوە بە نەتەوە یەکگرتووەکان. گرنگترین بڕگەی کۆنڤانسیۆنی مافی ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتووری، ماددەی یەکەمە کە لە سێ خاڵ دا نووسراوە کە دەڵێ:

١ــ تەواوی نەتەوەکان مافی خودموختارییان هەیەو بەپێی ئەم مافە ئەوان دەتوانن لەسەر بارودۆخی سیاسی، ئابووری کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی خۆیان بڕیاردەر بن.

٢ــ تەواوی نەتەوەکان مافیان هەیە بۆ گەیشتن بە مەبەست بەبێ لێکترازاندنی پەیمانە ئابوورییە نێونەتەوەیییەکان کە لە سەر بنەمای قازانجی بەرامبەرو حوقووقی نێونەتەوەیی داڕێژراوە، سەروەتو سەرچاوەی سروشتیان بەکاربێنن. لە هیچ حاڵەتێکدا ناکرێ میللەتێك لەو مافانە بێبەش بکرێ.

٣ــ دەوڵەتی بەشدار لەو پەیمانەداو بەتایبەت دەوڵەتی کولونیو "تحت قیمومیت" دەبێ لە وەدی هێنانی هەقی خودموختاریو ڕێز دانان بۆ ئەو مافە بەپێی ڕێساکانی مەنشووری نەتەوەیەکگرتووەکان بجووڵێنەوە.

مافی مرۆڤ سیستەمێکی بایەخییە کە جگە لە مانا ئوروپاییەکەی لە نێو مەزهەبە جۆراوجۆرەکانیش دا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە کە زەمانەتی ژیانو پلەی مرۆڤی کردوە.

هەر کام لە ئایینە سەرەکییەکانی دنیاش ڕاڤەی هاوشێوەیان لەسەر ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتی هەیە. هێندۆکان بەم جۆرە پێناسەی مافی مرۆڤ دەکەن: " کارێك مەکە کە لەوەپێش بەرامبەر خۆت کرابێ کە بووبێتە مایەی ئازارت، ئەوە ئەرکێکە".

یەهوودییەکان دەڵێن: " ئەو شتەی کە خۆت ڕەقت لێیەتی، بە هاورەگەزی خۆتی ڕەوا مەبینە". ئەمە بناخەی گشتیی مافی مرۆڤەو تێگەیشتنی گشتی بە دوای ئەم بنەمایە دا دێ.

مەسیحیەکان دەڵێن:" کارێك مەکە بە دژی کەسانی دیکە، کە خۆت حەز ناکەی بەرامبەرت بکرێ".

ئیسلام دەڵێ" کەس نابێتە خاوەن ئیمان هەتاکو ئەو شتەی کە بۆخۆی بە ڕەوای ئەزانێ بۆ براکەی بە ڕەوا بزانێ".

بودا دەڵێ:" ئازاری کەسانی دیکە مەدە کە خۆت لەو ئازارە ڕەنج ئەبینی".

لەباری مێژووییەوە هاتنە ئارای مافی مرۆڤ ئەگێردرێتەوە بۆ سەردەمی ئەفلاتونو بە واتایەکی دیکە ٤٠٠ ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح.

شارەزایانی بواری مافی مرۆڤ مێژووی مافی مرۆڤ دەگەڕێننەوە بۆ بیرۆکەی مافی سروشتی ( Nature right) کە فیلسوفانی ئەو سەردەمە باسیان لەوە کردوە کە نۆرمی حوقووقی و عەقلانی، قانوونی هاوبەشی ئینسانەکانی تێدا بەدی دەکرێ.

مافی سروشتی ترادیسیۆنێکی فەلسەفییە کە ئەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆنو سەردەمی ئەرەستو. تێوەرەکە لە سەدەکانی نێوەراست دا پەرەدەستێنێو بە شێوەی کۆنکرێت لە سەدەی سیانزەوە فەیلەسووفی ئەو سەردەمە تۆماس ئاکویناس (١٢٢٥ـ١٢٧٤) بە خستنە ژێر پرسیاری قانوونی ئەبەدی (خودایی) کە مافی مرۆڤی لەلایەن شاکانەوە پێناسە دەکردو هەر بۆیە کلیسا دەیگوت شاکان نوێنەری خودان. هێنانە ئارای قانوونی سروشتیو لە قانوونی سروشتییشەوە بۆ قانوونی مرۆڤ دەسەڵاتی خوای بە سەر کلیساو دنیا دابەش کرد.

لە سەدەی ١٦دا فکری مافی سروشتی بوو بە فکرێکی جێکەوتوو لەلایەن فیلسوفی ئەو سەردەمە، توماس هابزەو. دواتر لە لایەن جان لاکەوە. بەم جۆرە بنەمای فەلسەفیو بیرۆکەی مافی سروشتی، مافی تاکی لێدەکەوێتەوە کە ئێمە ئەمڕۆ بەناوی مافی مرۆڤەوە ئەیناسین. بەکورتی مافی مرۆڤ لە مافی سروشتییەوە سەرچاوە ئەگرێ.

تۆماس هابز(١٥٥٨ــ١٦٧٩) لە دایکبووی سەردەمی ماکیاولییەو کێشەکانی ئەو سەردەمە بە ڕادەیەك بوون کە هەرکەس بیری لە خۆی کردۆتەوەو بە کورتی بارودۆخێکی ئانارشی لە ئارادا بووە. ئەو مافی سروشتیی وا لێك دایەوە کە هەر کەسێك هەموو مافێکی هەیە. ئەو جیاوازی دانا لە بەینی مافی سروشتی لەگەڵ مافی قانوونیی تۆماس ئاکویناس دا. مافی سروشتی ئازادیی مرۆڤی لەخۆ دەگرێ لە حاڵێکدا مافی قانوونی چوارچێوەو ئەرك دەخاتە سەرشانی مرۆڤ. بە کورتی جیاوازیی نێوان مافو قانوون وەك ئازادیو ئەرك وایە. تۆماس هابز داکۆکیو پشتیوانیی لە مافو تەناهیی تاك کردوە هابز لە شیکاری هزری خۆیدا دوو قانوونی سروشتیی هێناوەتە ئاراوە. بە پێی قانوونی سروشتیو یا حاڵەتی جەنگەڵدا، کەرامەتی مرۆڤ لە نێو ئەچێ. لەوەها بارودۆخێکدا عەقڵانییەت باشترین ڕێگای گەیشتن بە ئاشتیو ئارامییە. قانوونی سروشتیی دووهەم بە پێی لێکدانەوەی هابز بە ڕێگرتن لە شەڕی گشتی ئەبێ مرۆڤەکان بەو قەناعەتە بگەن کە بۆ ساقامگیرکردنی ئاشتی پێویستیان بە گرێبەست هەیە، بە هەبوونی گرێبەست دەکرێ خەڵك هێزی خۆیان سنووردار بکەن. ئەم گرێبەستانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا دێتە ئاراوە نەك خەڵكو دەوڵەت.

جان لاك(١٦٢٣ــ١٧٠٤) یەکەم کەس بوو کە بە ئاشکرا باسی لە مافی سروشتی کرد. ئەو دەڵێ: هەق ئەوەیە کە ئێمە بەهۆی پاکیی خۆمانەوە بیسەلمێنین کە ئینسانین. ئەو لەگەڵ هابز لەسەر ئیدارە کردنی حکوومەت جیاوازیی بۆچوونی هەبووە. جان لاك سێ شتی بۆ هەر کەس بە گرنگ دەزانی. یەکەم ژیان کردن، دووهەم ئازادی و سێهەم خاوەنداریەتی. لیبرالیزم لە سەر بنەمای ئەم سێ کوچکەیە هاتۆتە ئاراوە.

بەم جۆرە بێجگە لەو بیرمەندانەی سەرەوە، بنەمای فکریو فەلسەفیی بیرمەندانی سەدەکانی پێشوو بە تایبەت ژان ژاك ڕۆسۆ، ئیمانویل کانت، توماس پاینو جان ستوارت میل کراونەتە هەوێنی داڕشتنی مافی مرۆڤ لە سەدەی بیستەم دا کە جگە لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، چەندین کۆنڤانسیۆنی جیهانیی لێ کەوتۆتەوە کە گرینگترینیان کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی مافی سیاسیو مەدەنی، کۆنڤانسیۆنی مافی ئابووریو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی، مافی مندالٌ، قەدەغە کردنی جیاوازیدانانی ڕەگەزی، نەژادی، ئازارو ئەشکەنجەو زۆر بڕیاری نێونەتەوەیی دیکە.



KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 483 3 Apr 2008

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستان، ڕۆژنامەی "كوردستان" و رادیۆ دەنگی كوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

تەلەفۆنی تەشكیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 12303 -
Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾

# ڕۆژژمێری "كوردستان" چاپ و بڵاو كرایەوە



ئەمساڵیش لە ڕۆژانی سەرەتای ساڵدا بەشی چاپەمەنیی حیزبی دێموكراتی كوردستان ڕۆژژمێری ساڵی نوێی ١٣٨٧ ی هەتاوی( ٢٧٠٨ی كوردی)ی لە دوو قەوارەی دیواریو گیرفانیدا چاپو بڵاو كردەوە.

خوازیارانی ئەم ڕۆژژمێرانە دەتوانن لە ڕێگای بنكەو كۆمیتەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە باشووری كوردستان وەدەستیان بێنن.

# ئوتریش: پێكهێنانی سمینارێك بۆ لەیلا زانا



ڕێكەوتی ٢٦ی مارس لەسەر بانگهێشتی سانكسیۆنی ناوچەی ٣ی ڤییەنی حیزبی سوسیال دێموكراتی ئوتریش بە بۆنەی نەورۆزو سەری ساڵی نوێی كوردی سمینارێكی بۆ خاتوو لەیلا زانا پێك هات. ئەم سمینارە بە وتەیەكی ئێرنست ڤۆلە ئەندامی پارلمان دەستی پێكرد. دواتر خاتوو لەیلا زانا وێڕای پیرۆزبایی نەورۆز لە بەشداران و نەتەوەی كورد، سەبارەت بە نەورۆزی كوردیو هەلومەرجی باكووری كوردستان و هێرشی هێزەكانی توركیە بۆ سەر خاكی باشووری كوردستان دوا.

## مرواریی دەریای وشە

بۆچی گریان؟ ئاواتی سەركەوتن بخوازن.
(ستیفان كرین)

من وا هەست دەكەم سەربەستم، كەواتە سەربەستم.
(لایب نیتس)

سەختییە زۆر گەورەكان هێزێكی دوو ئەوندە بە مرۆڤ دەبەخشن.
(ئەردی گەورە)

بیری نوێ ئێجگار زراف و هەستیارە، بە گاڵتە پێ كردنێكی بچووك دەمرێت و تانەو تەشەرێكی بچووك بە سەختی بریندراری دەكا.
(هێربێرت سبێنسەر)

# سێهەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی كتێب لە هەولێر كرایەوە



پێشنیوەڕۆی ٢ی ئاوریل بە ئامادەبوونی كاك مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و عادڵ عەبدولمەهدی جێگری سەرۆك كۆماری عێراق و فەخری كەریم گەورە راوێژكاری سەرۆك كۆماری عێراق و بە بەشداریی زیاتر لە ٢٠٠ خانەی چاپ، لە پاركی سامی عەبدولڕەحمان لە هەولێر بە دروشمی "فیستڤاڵی ڕۆشنبیری بۆ هەمووان" سێهەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی كتێب كرایەوە. لە وتەیەكدا فەخری كەریم كردنەوەی پیشانگاكەی لە هەولێر بەرز نرخاندو وتی: كردنەوەی پیشانگاكەش دەبێتە هۆكارێك بۆ زیاتر برەودان بە ئاستی ڕۆشنبیریی لە كوردستان.

پێشانگەكە لە ڕۆژی ١١-٤/٢ بەردەوام دەبێت و خانەكانی چاپی وڵاتانی میسر، سوریا، ئوردن، توركیا، ئێران... تێیدا بەشدارن.

سەرچاوە: Pukmedia


# فوتبالیستێكی سەقزی لە پێكهاتەی سەرەكیی تیمی ژنانی ئێران دا





كوێستان خوسرەوی لە یەكەم چاوپێكەوتنی تیمی نیشتمانیی فوتباڵی ژنانی ئێران لە جامی نەتەوەكانی ئاسیادا لە بەرانبەر تیمی ویتنام دا یاریكەری تەواوكات بوو. ئەو لە چەند ساڵی دواییدا بە بەردەوامی لە مۆرە سەرەكییەكانی تیمی فوتباڵی ژنانی ئێران بووە. تیمی نیشتمانیی ژنانی ئێران وێڕای تیمەكانی میانمار، ویتنام و چینی تایپە لە قۆناخی بەرایی جامی نەتەوەكانی ئاسیا لە گرووپی Aدا یاری دەكەن.

سەرچاوە: شارنیوز





# ئەو پیرە بەئەزموونانەی وانەی نوێبوونەوە دەڵێنەوە

بەر لەماڵاوایی

سمایل شەرەفی

بەداخەوە لە كولتووری كۆمەڵگای ئێمەی كورددا تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ باسكردن و بایەخدان بە ڕۆڵی كەسایەتییەكان خراوەتە دوای نەمانیان و كە كەسایەتییەك لە دەست دەدەین دەكەوینە خۆ بە نووسین و باسكردن لەسەر ڕۆڵ و كاریگەری و زەحمەتەكانی، بە جۆرێك كە جاری وایە تووشی جۆرێك ئیغراق و ئیفرات دەبین. ئەگەر هێندێك جاریش تۆزێك ئینساف وەبەر خۆمان دەنێین و سووكە ئاوڕێك لە كاروو ڕۆڵ و كاریگەریی هێندێك لە كەسایەتیەكانمان دەدەینەوە، دیسان بەداخەوە - ئەو كولتوورە پڕ لە هەڵەیە - ئیزنمان پێدەدا كە ناوو ناتۆرەو لاتاو ئاوقای یەكتری بكەین و دەسبەجێ یەكتر بە "ماستاوچی" تاوانبار بكەین. لەگەڵ ئەوەیكە دڵنیام بە نووسینی ئەم بابەتە گەلێك ناوو ناتۆرەو نازناوی سەیرو سەمەرە بۆخۆم دەكڕم، بەڵام دەمهەوێ لانیكەم - بۆ یەكمجار ئەم كولتوورە سەقەتە لای خۆم بشكێنم و ئامادەشم نرخی خۆی بۆ بدەم.

ئەوەی لەم بابەتەدا دەمهەوێ باسی بكەم و حەقی خۆی پێبدەم - ئەگەر بتوانم - ڕۆڵ و نەخشی چەند كەسایەتیەكی لە مێژینەی نێو گۆرەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی كوردستان و تێكۆشەری حیزبی دێموكراتی كوردستانە.

وەك هەموو لایەكمان ئاگادارین ماوەیەك لەمەوپێش چاردەیەمین كۆنگرەی حیزبی دیموكراتی كوردستان دوای ٨ ڕۆژ كاری بەردەوام كۆتایی پێهات. من نالێم هەموو بەشداربووانی كۆنگرەو ئەندامانی حیزبی دیموكراتی كوردستان، بەڵام بە شەهامەتەوە دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری ئەم پێكهاتەیە ئاكامەكانی كۆنگرەیان بەلاوە پەسەند بوو. من وەك پێشمەرگەیەكی ئەو حیزبە كە شانازیی بەشداریكردن لە كۆنگرەم هەبوو قەتم چاوەڕوان نەدەكرد ئاكامەكانی بەو جوورە بن و هەمیشە نیگەران بووم. زۆرجار لەگەڵ هاوڕێیان باسمان دەكردو پێشبینیی جۆراوجۆرمان دەكرد. ئەوەی ڕاستی بێ نیگەران بووم لەوەیكە نەتوانین ئەو وادەو بەڵێنانەی كە بە خەڵكمان داوە بتوانین لەو كۆنگرەدا وەدی بێنین. هەرچی بیرم دەكردەوە پێم وابوو ئەم بەڵێنانە لەسەر شانی ئێمە قورسایی دەكەن. ئێمە بەڵێنمان دابوو گۆڕان بەسەر جۆری ڕوانیمان بۆ كێشەو مەسەلەكان دابێنین، پێكهاتەی حیزبیو تەشكیلاتیمان بگۆڕین، گۆڕان بەسەر بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆییمان دابێنین و لە هەمووی گرینگتر ئەوەكە ڕوخساری ڕێبەرایەتیی حیزب بگۆڕین و مەیدان بۆ لاوان و ژنان بەربەرین بكەینەوە. هەركام لەم بەڵێنیو دروشمانە بە تەنیا بۆخۆیان كارێكی ئاسان و ساكار نەبوون، لانیكەم بەلای منەوە وابوو چونكی من ٧ ساڵە لە نێو ریزەكانی ئەو حیزبە دام و ئەوەی لێم دەزانی ئەوە نەبوو كە بتوانێ پڕاوپڕ هیوادارم بكات.

بەهەر حاڵ كاتێك كە یەكەم ڕۆژەكانی كۆنگرە دەستی پێكردو پێكهاتەی بەشدار بووانم دیت كە لە زۆرێك لە شوێنەكانی دنیاوە هاتبوون، قسەیەكی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە زیاتر بەلامەوە مانای پەیدا كرد. ئەوەیكە زۆرجار پێی دەگوتین و پێمان دەڵێ: با پێمان وا نەبێ حیزبی دیموكرات تەنیا ئەو كەسانەن كە لە بنكەو مەقەرەكانی حیزب لە باشووری كوردستان كارو چالاكی دەكەن. بەڕاستی وایە، بەخۆشییەوە بۆم دەركەوت كە حیزبەكەمان خاوەنی گەلێك كەسایەتیی بەتواناو ئەمرۆییە كە دەبێ شانازییان پێوە بكەین.

بەڵام ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێك هیواداری كردم و بەجورئەتەوە دەڵێم سەرسووڕماوی كردم ئەو فەزا پڕاوپڕ دێموكراتیكە بوو كە بێگومان بەشی زۆری لەسەر دەستی كەسایەتیەكی بەرزی وەك مامۆستا حەسەنزادە دروست ببوو. ئەو پیاوە بێ ئەوە ماندوویی بناسێ و بە قەولی كوردی خۆمان نێوچاوانی لە دژە بۆچوونێك تێكنێ زیاتر لە ١٥ سەعات لە پشت تریبوونی كۆنگرەی لەسەر ڕاپۆرت و بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب و باسە گرنگەكانی دیكە موناقشەی كردو بە باوەڕەوە داكۆكیی لە ئازادیی بیروبۆچوونی جیاوازو بوونی گرووپ و فراكسیۆن لە نێو ریزەكانی حیزب دا كرد.

لانیكەم بە نیسبەت خۆمەوە پێم وایە غەدرە كە باس لە تواناییو لێهاتوویی و باوەڕی قووڵی ئەم پیاوە بە بنەماكانی دێموكراسی نەكەم. جگە لەوە كاتێك كە دەمدیت بە ٦٩ ساڵ تەمەنەوە چەندین سەعات بە بێ ئەوەی ماندوویی پێوەدیار بێ - بە پێوەو لە پشت تریبوون بەشداریی لە باس و مناقشەكانی كۆنگرەدا دەكرد، ئیمانم بەوە هێنا كە سەركەوتنەكانی شەهیدانی ڕێبەرمان قاسملوو شەرەفكەندیو بە گشتی حیزبی دیموكراتی كوردستان، ناتوانن ناو و جێ پەنجەی عەبدوڵڵا حەسەنزادەیان پێوە دیار نەبێ.

ئەگەر بۆ یەكەمجار مامۆستا چەمكی مافی كەمینە دەێنێتە نێو ئەدەبیاتی حیزبی دێموكراتی كوردستان و وەك بەندێك لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا باس لە پاراستنی مافی كەمینە لە نێو تەشكیلاتی حیزب دا دەكا، دیسانیش ئەوە مامۆستایە كە لێبڕاوانە پێداگری لەسەر ئازادیی بیروبۆچوونی جیاوازو بوونی گرووپ و فراكسیونی ئاشكرا لە نێو ریزەكانی حیزب دا دەكات.

كاتێك كە بڕیاری نەهاتنە نێو ڕێبەریی بەكردەوە سەلماندو لەگەڵ ئەوەیكە فشارێكی زۆری زۆرێك لە ئەندامانی حیزب و كۆنگرەی لەسەر بوو، خۆی بۆ پۆستەكانی ڕێبەری كاندیدا نەكردو كەسانێكی وەك كاك جەلیل گادانیو كاك فەتاح كاویان و كاك حوسێن مەدەنی، سێ كەسایەتیی ناسراوی دیكەی حیزبیش ڕایانگەیاند كە خۆیان بۆ پۆستەكانی ڕێبەریی حیزب كاندیدا ناكەن و ڕێگا بۆ بەرەی نوێ و خوێنی تازە دەكەنەوە، مەزنترین پەیامی ژووری كۆنگرەم وەرگرت. پەیامێك كە بە گوێی هەموومانی داچپاند، گۆڕان ئیرادەو لە خۆبوردوویی دەوێ، گۆڕان لەسەر دەستی مرۆڤە گەورەو خۆبەخشەكان چێ دەبێ.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەو هاوڕێ هاوتەمەنەكانی، لەم قۆناخەدا حیزبی دێموكراتی كوردستانیان بە بەرنامەو پێكهاتەی نوێوە ڕادەستی بەرەی ئەمڕۆی نەتەوەكەیان كرد، بێگومان مێژوو ئەمەی لەبیر ناچێ.

بە قسەیەكی كاك حەسەن ڕەستگار كۆتایی بەم بابەتە دێنم كە لە ڕێوڕەسمی كۆتایی كۆنگرەدا وتی: دەبێ هەموومان لە مامۆستا حەسەنزادەوە گۆڕان و نوێبوونەوە فێر بین گۆڕان تەنیا بە شوعار نابێ، دەبێ كردەوەی لەگەڵدا بێ، مامۆستا ئەوەی سەلماند.